لەسەر بڕیاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5940) سێ شەممە 25ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

سێ وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە خۆر لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک دادەمەزرێن

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی سێ وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە وزەی خۆر لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەبڕی. وێستگەکان لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) دادەمەزرێندرێن. بەڕێوەبەری گشتی بەرهەمهێنانی وزەی کارەباش دەڵێ: هەر سێ وێستگەکە توانای بەرهەمهێنانی 75مێگاوات کارەبایان دەبێت. دیار تاهیر بابان، بەڕێوەبەری گشتی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای هەرێمی کوردستان رایگەیاند: لەئێستادا بەپێی ڕێنمایی ئەنجوومەنی وەزیران وەزارەتی کارەبا خەریکی ئامادەکردنی دەرخستەیە بۆ دامەزراندنی سێ وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە وزەی خۆر". **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

هەوڵ بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک بەردەوامە

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک – گەرمیانی پارتی، ڕایگەیاند، هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە ، چونکە دۆخی ئێستای شارەکە مەترسی جدی لەسەرە بەهۆی سیاسەتی بە عەرەبکردن و جوولەی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیی لایەنە سیاسییەکان:

ئەو هەنگاوانەی لەلایەن عەللاوییەوە نراون بۆ زۆر لایەن و پێکهاتەکانی عێراق جێگەی دڵنیایی و متمانە نین

دوێنێ دووشەممە 24/2/2020 بە سەرۆکایەتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و سەرکردەی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان، بە بەشداریی شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکوومەتی فیدراڵی عێراق، کۆبوونەوەیەک ئەنجام درا.

کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە خستنەڕووی دەرەنجامەکانی سەردانی شاندی لایەنە کوردستانییەکان بۆ بەغدا و گفتوگۆ و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ لایەنە سیاسییە عێراقییەکان و بەڕێز محەممەد عەللاوی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی داهاتوو.

دوای گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی ئەنجامی سەردانی شاندەکە، لە ڕوانگەی پەرۆشی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ دۆخی ئێستای عێراق و بەشداریەکی کارا لە چارەسەرکردنی کێشەکان، کۆبوونەوە گەیشتە چەند دەرەنجامێک کە لە **ل3** بڵاوکراوەتەوە.





بایدەمیر: حکوومەتی هەرێمی کوردستان جێی ئومێدی ملیۆنان کوردە لە سەرتاسەری جیهان

دوێنێ دووشەممە سەرۆک بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سیاسەتوانی کورد عوسمان بایدەمیر کرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەمڕۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی ڤایرۆسی کۆرۆنا تاوتوێ دەکات

خەبات: بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە25ی شوباتی2020 بەسەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام بدات و لەمیانەی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر چەند تەوەرێکی گرنگ بکات.

بەگوێرەی زانیارییەکانی «خەبات»، تەوەری کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ بریتین لە خستنەڕووی دواینێ پێشهات و گۆڕانکارییەکانی عێراق و هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی فیدراڵی. هەروەها ئەنجامەکانی بەشداریی شاندی حکوومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مەسرور بارزانی لە کۆنفرانسی میونشن و دیدارەکانی ئیتاڵیا و ڤاتیکان. هاوکات پلان و هەنگاو و ڕێکارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە بە ئامادەبوونی پارێزگارەکانی هەرێمی کورستان تاوتوێ دەکرێت.

وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق گەیشتنە ڕێککەوتن

ئێوارەی دوێنێ دووشەممە وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراقدا ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە گەیشتوونەتە ڕێککەوتن. لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە کە وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراقی فیدراڵ گەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەسەر کاراکردنەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی نێوانیان و لەلایەن وەزارەتی بەرگریی عێراقەوە، بڕیار درا شایستە داراییەکانی هێزی پێشمەرگە بۆ ساڵەکانی 2019و 2020و ساڵانی دواتریش بنێردرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

پێناچێ بەبێ کورد عەللاوی متمانەی حکوومەتەکەی وەربگرێت

دوێنێ دووشەممە جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند کەوا دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ متمانەدان بەحکوومەتەکەی محمد تۆفیق عەلاوی دواخراوە و یەکێک لەئەندامانی شاندی دانوسانکاری هەرێمی کوردستان ئاماژە بۆ تەنازولی محەممەد تۆفیق عەلاوی سەرەک وەزیرانی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی عێراق بۆ شاندی هەرێمی کوردستان دەکات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

هاوپەیمانیی سوننەکان داوای گۆڕینی محەممەد تۆفیق عەللاوی دەکەن

پەرلەمان دووسبەی بۆ دەنگدان لەسەر متمانەدان بە حکوومەتی نوێ دیاریکرد



سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند کە دانیشتنی نائاسایی بۆ دەنگدان لەسەر بەخشینی متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەت، ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو ساز دەکرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

لەلایەکی دیکەوە، دوێنێ دووشەممە هاوپەیمانیی (القوی العراقیە)ی سوننەکان بە سەرۆکایەتیی محەممەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان، بە شێوەیەکی فەرمی داوای گۆڕینی محەممەد تۆفیق عەللاوی سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراوی عێراقی کرد، چونکە پێیانوایە کەسێکی گونجاو نییە بۆ قۆناغەکە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



50 کەس لە پارێزگای قوم بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە

لە نەجەف.. یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکرا



بڕوسکەی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو محەمەد حەسەن محەمەد حاجی

دوێنێ دووشەممە 2020/2/24 سەرۆک بارزانی، بە بۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتی نیشتیمانپەروەر و فەرماندەی لیوای هەشتی وەزارەتی پێشمەرگە ،محەمەد حەسەن محەمەد حاجی ناوسراو بە "ئەبو دژۆ" بروسکەیەکی سەرەخۆشیی ئاراستەی خانەوادەی خوالێخۆشبوو کرد. ئەمەش دەقی بروسکەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو محەمەد حەسەن محەمەد حاجی (ئەبو دژۆ)

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی نیشتیمانپەروەر و پێشمەرگەی قارەمان و فەرماندەی لیوای هەشتی وەزارەتی پێشمەرگە، محەمەد حەسەن محەمەد حاجی ناوسراو بە (ئەبو دژۆ)مان پێگەیشت. سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی ئێوە و کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. لە خودای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر ئارامیی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

إنا لله وإنا إليه راجعون

مسعود بارزانی
24ی 2ی 2020



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سیاسەتوانی کورد عوسمان بایدەمیر دەکات

بایدەمیر: حکوومەتی هەرێمی کوردستان جێی ئومێدی ملیۆنان کوردە لە سەرتاسەری جیهان

دوێنێ دووشەممە 2020/2/24 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سیاسەتوانی کورد عوسمان بایدەمیر کرد.

لە دیدارەکەدا، جەخت لەسەر گرنگی خەباتی ئاشتیخوازانەی گەلی کوردستان کرایەوە لە پێناو بەدەستهێنانی مافە رەواکانی.

عوسمان بایدەمیر ستایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد، کە جێی ئومێدی ملیۆنان کوردە لە سەرتاسەری جیهان، بۆیە پێویستە هەموو لایەک پشتگیریی حکوومەت بکەن بۆ ئەوەی بتوانێت کارنامە چاکسازییەکەی جێبەجێ بکات.

سەرۆکی حکوومەت سوپاسی پشتگیریی و هەڵوێستە نیشتمانپەروەرییەکانی عوسمان بایدەمیری کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

نووسینگەی جێگری سەرۆک لەگەڵ دەستەی چاودێری و بەدواداچوونی پارتی کۆدەبێتەوە



نیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 2020/2/24

نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بەڕێزان بەڕەس و ئەندامانی دەستەی چاودێری و بەدواداچوونی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە. سەرەتا بەڕێز تەها بەروازی بەڕێوەبەری نووسینگە وێڕای بەخێرهاتنیان، سلاو و ڕێزی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی پێگەیاندن و بەناوی بەڕێزیانەوە دەستخۆشی لێ کردن و ڕۆڵی دەستەکەی لە چاودێری و بەدواداچوون و بەسەرکردنەوەی ناوەند و ئۆرگانەکانی پارتی، بەرز نرخاند.

دواتر بەڕێز مەسعود سالمیی بەڕەسی دەستەی چاودێری و بەدواداچوون وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی بە ڕەخساندنی دەرفەتی کۆبوونەوە، هەروەها پوختەیەکی دەربارەی کار و چالاکییەکانی دەستە لە بەسەرکردنەوەی تەواوی ئۆرگانە حزبییەکان، ئامادەکردنی چەند ڕاپۆرتێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوەندە حزبییەکان، دریژەدان بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون، ستراتیژ و پلانی داهاتوویان پێشکەش کرد کە ئەم هەنگاوانەیان ئەنجامی ئەرێنی لێکەوتۆتەوە.

تاوتوێ کردنی بارودۆخی ناوخۆی عێراق و کوردستان بە گشتی، ڕۆڵی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەنگاوەکان بۆ یەکخستن و پاراستنی یەکدەنگیی نێو مااڵی کورد، کارکردن لەسەر جێبەجێکردن و بەرجەستەکردنی ڕێبازی بارزانی کە لە گرنگترینیان بنەماکانی یەکسانی و عەدالەتی کۆمەاڵیەتییە، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا چەندین پرسی دیکەی پەیوەست بە پرۆسەی چاودێری و بەدواداچوونی ئۆرگانەکانی پارتی لەلایەن ئەندامانی دەستەوە پێشکەش کران و ژمارەیەک پێشنیازیش خرانە ڕوو، لەمبارەیەوە بەڕێز تەها بەروازی ئامادەیی نووسینگەی جێگری سەرۆکی بۆ پشتیوانیکردنی کار و چالاکییەکانی دەستەی چاودێری و بەدواداچوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەماهەنگیکردن لەگەڵیان بەمەبەستی سەرخستنی کارەکانیان، دەربڕی.

مەیادە نەجار: بە مەرج بەشداریی کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق دەکەین



کورد و سوننە لەسەر پێکهاتەی حکوومەتی نوێی عێراق رازی نین، بەهۆی ئەوەی محەمەد عەاڵوی بەبێ ڕەچاوکردنی مافە دەستوورییەکانی ئەو دوو پێکهاتەیە، حکوومەتێکی زۆرینە شیعە پێکدەهێنێت.

شەوی شەممە 2020-2-1

سەرکۆماری عێراق، محەمەد تۆفیق عەاڵوی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی کاتیی وڵاتەکەی ڕاسپارد، تاوەکو شوێنی عادل عەبدولمەهدی بگرێتەوە. عەاڵوی لە یەکەم لێدوانیدا، داوای لە خۆپێشاندەران کرد بە ڕەدەوام بن لە خۆپیشاندانەکانیان و ڕایگەیاند، «ئەگەر نەتوانم داواکاریی خۆپیشاندەران بەجێبهێنم، شایستەی ئەو پۆستە نیم».

کۆبوونەوەی پێنجشەممەی پەرلەمانی عێراق پەیوەستە بە ڕێککەوتن لەگەڵ محەمەد عەاڵوی.

مەیادە نەجار هەروەها ڕایگەیاند، کە ئەگەر محەمەد عەاڵوی داخوازییەکانی کورد جێبەجێ بکا، ئەوا فراکسیۆنە کوردییەکان دەنگ بە کابینەکەی دەدەن. تا ئێستا پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە بە مەرج بەشداریی کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمانی عێراق دەکەن. د.مەیادە نەجار، ئەندامی پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند، بەشداریکردنی کورد لە

عێراق... پەرلەمان پێنجشەممەی داهاتووی بۆ دەنگدان لەسەر متمانەدان بە حکوومەتی نوێ دیاریکرد



سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند کە دانیشتنی نائاسایی بۆ دەنگدان لەسەر بەخشینی متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەت، ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو ساز دەکرێت. سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە دیاریکردنی وادەیەک بۆ سازکردنی دانیشتنی نائاسایی بۆ دەنگدان لەسەر بەخشینی متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەت کۆبوویەوە و دوای کۆبوونەوەکەش ڕاگەیەندراوێک بڵاوکرایەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، لەمیانی کۆبوونەوەکەدا، بڕیاردرا دانیشتنی نائاسایی بۆ دەنگدان لەسەر بەخشینی متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەت، ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو ساز بکرێت. لە ڕاگەیەندراوەکەدا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران مەرجی ئەوەی داناوە کە بەرلەمان سازکردنی دانیشتنەکە، دەبێت سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردرا، محەمەد تۆفیق عەاڵوی بەرنامەی کابینەکەی و ناوی وەزیرە نوێیەکان ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران بکات.

ڕۆژی یەکشەممە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، حەسەن کەعبی ڕایگەیاندبوو کە ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو، دانیشتنی تایبەت بۆ دەنگدان لەسەر بەخشینی متمانە بە کابینەی حکوومەتەکەی سەرۆکوەزیران، محەمەد تۆفیق عەاڵوی ساز دەکرێت.

بەاڵم ڕۆژی شەممەی ڕابردوو سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی ڕایگەیاندبوو تا ئەو کاتەی ناوی وەزیرە نوێیەکان و بەرنامەی کابینەی نوێی حکوومەت ڕادەستیان نەکرێت، ناتوانن دانیشتنێکی تایبەت بۆ بەخشینی متمانە بە کابینەی حکوومەتەکەی، محەمەد تۆفیق عەاڵوی ساز بکەن.

بەپێی دەستووری عێراق، دانیشتنی تایبەت بۆ بەخشینی متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەت لەسەر داوای 50 ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران یان سەرکۆمار یان سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، یان سەرۆکوەزیران ئەنجامدەدرێت کە سەرۆکوەزیرانی دەستەکارکێشاوەش دەگرێتەوە.

بۆ بەخشینی متمانە پێویستە حکوومەتی نوێ دەنگی زۆرینەی ڕەها 50 کۆ 1ی ئەندامانی ئامادەبووی دانیشتنەکە بەدست بهێنێت "نەک ژمارەی سەرجەم ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران". ڕۆژی چوارشەممەی هەفتەی ڕابردوو سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو، محەمەد تۆفیق عەاڵوی ڕایگەیاندبوو کە وەزیرەکانی لە کەسانی سەربەخۆ و بێ لایەن پێکهاتووە.

سەعدی ئەحمەد پیرە: لە ناوچەی سەوزی بەغدا زیاتر لە پەنجا گرووپی چەکدار هەن



سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستان لەگەڵ بەغدا، باسی دوایین دەرئەنجامی کۆبوونەوەی شاندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کاندیدی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق دەکات و دەڵێت بە عەاڵویان گوتووە کە ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین تا عومەر و عەمر و زەید بکەینە وەزیر، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووین مووچەی فەرمانبەران نەبڕێت کە قووتی خەڵکە. سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستان لەگەڵ بەغدا بەمەبەستی پێکهێنانی حکوومەت، بۆ دەنگی ئەمەریکا گوتوویەتی کە ئێمە بە کاندیدی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراقمان گوتووە بۆ ئەوە هاتووین بڵێین کێشەی خواروو و ناوەڕاستی عێراق کێشەی هەموانە و ناتوانین بڵێین کێشەی ئەوانەیە بەتەنیا، سەعدی پیرە دەشڵێت پێشمان ڕاگەیاند لە ناوچەی سەوزی بەغدا زیاتر لە پەنجا گرووپی چەکدار هەیە، بەشێک نین لە سوپا و هێزە چەکدارەکانی عێراق تۆ فەرماندی گشتی ئەوانەی، ئەو گرووپانە لەسەر شەقام ئەفسەری پۆلیس دەگرن و زیندان و مەفرەزەی خۆیان هەیە، بەمە چۆن ئاسایشی هاوواڵتیان دەپارێزیت؟ ئەو ئەندامەی شاندە کوردییەکە ئەوەشی گوتووە ئێمە ئەو هەموو خەبات و قوربانییەمان بۆ ئەوە داوە کورد خاوەنی بڕیاری سەربەخۆی خۆی بێت و پێشمان گوتووە ئێمە نەهاتووین بۆ ئەوەی عومەر و عەمر و زەید بکەینە وەزیر، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووین مووچەی فەرمانبەران نەبڕێت کە قوتی خەڵکە، دووەم شایستە داراییەکانی جووتیارانی هەرێم بدرێت و بارودۆخی خەڵکی کەرکووک و قەرەتەپە و شنگال زۆر خراپە، بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆریش شوێنەکانی خۆیان چۆڵ بکەن بەهۆی ئەوەی هێزش دەکرێتە سەریان.

www.xebat.net
ساڵی شەشەم 2020/2/25 ژمارە (5940)
خەبات

ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیی لایەنە سیاسییەکان:

داکۆکی و پێداگری لەسەر پاراستنی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان و ناوچە کێشە لەسەرەکان دەکەین

کار بۆ پێکهێنانی حکوومەتێک دەکەین کە جێگەی بڕوا و متمانەی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراق بێت



دوێنێ دووشەمە 24/2/2020 بە سەرۆکایەتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و سەرکردەی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان، بە بەشداریی شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکوومەتی فیدراڵی عێراق، کۆبوونەوەیەک ئەنجام درا.

کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە خستنەڕووی دەرەنجامەکانی سەردانی شاندی لایەنە کوردستانییەکان بۆ بەغدا و گفتوگۆ و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ لایەنە سیاسییە عێراقییەکان و بەڕێز محەمەد عەللاوی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی داهاتوو.

دوای گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی ئەنجامی سەردانی شاندەکە، لە ڕوانگەی پەرۆشی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ دۆخی ئێستای عێراق و بەشداریەکی کارا لە چارەسەرکردنی کێشەکان، کۆبوونەوە گەیشتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

1- کار بۆ پێکهێنانی حکوومەتێک دەکەین کە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستای عێراقی هەبێت و کاری جددی بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ عێراق و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت بکات و جێگەی بڕوا و متمانەی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراق بێت.

2- ئەو هەنگاوانەی تا ئێستا لەلایەن بەڕێز عەللاوییەوە نراون بۆ زۆرێک لە لایەن و پێکهاتەکانی گەلی عێراق جێگەی دڵنیایی و متمانە نین، بۆیە داوا دەکەین کە پێویستە پێداچوونەوە بە شێوازی کار و بەرنامەکەیدا بکرێتەوە بە جۆرێک کە حکوومەتی ئایندە داخوازیی هەموو پێکهاتەکانی عێراق، بهێنێتە دی.

3- داکۆکی و پێداگری لەسەر پاراستنی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان و دەستەبەرکردنی سەرجەم مافە دەستوورییەکانی هەرێم و ناوچە کێشە لەسەرەکان دەکەینەوە پێکهاتەکانی کوردستان و دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، تەنها لایەنی شەرعیی بڕیاردەرن لە دەستنیشانکردنی نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لە حکوومەتی فیدراڵی لەسەر بنەمای هاوبەشیی ڕاستەقینەی نیشتمانی و هاوسەنگی و سازان.

4- ئێستا عێراق ڕووبەڕووی تەحەدیاتی گەورەی ناوخۆیی و دەرەکی بووەتەوە و بە وەرچەرخانێکی مەترسیداری میژوویيدا تێدەپەڕێت، بۆیە داوا دەکەین کە پێویستە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق لەسەر میزی گفتوگۆ دابنیشن و بگەنە بڕیارێکی یەکگرتووی نیشتمانی.

5- لەپێناو هێنادی ئەم ئامانجانەدا، شاندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق، لە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە بەردەوام دەبێت.

د.زیا ئەلئەسەدی بۆ «خەبات»:

پێناچێ بەبێ کورد عەلاوی متمانەی حکوومەتەکەی وەربگرێت



خەبات/ مەریوان نەقشبەندی:

دوێنێ دووشەمە جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند کەوا دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ متمانەدان بەحکوومەتەکەی محمد تۆفیق عەلاوی دواخراوە و یەکێک لەئەندامانی شاندی دانوسانکاری هەرێمی کوردستان ئاماژە بۆ تەنازولی محەمەد تۆفیق عەلاوی سەرەک وەزیرانی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی عێراق بۆ شاندی هەرێمی کوردستان دەکات.

دوێنێ حەسەن کەعبی جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەبەیاننامەیەکی کتوپڕ و چاوەڕواننەکراودا ڕایگەیاند کەوا دانیشتنی دوێنێ (دووشەمە)ی ئەنجوومەنی نوێنەران کەبڕیار بوو تێیدا دەنگ بەکابینەی تازەی حکوومەتی عێراق بدات دواخراوە بۆ ڕۆژی پێنجشەمە بۆ ئەوەی محەمەد تۆفیق عەلاوی دانوستان و گفتوگۆی زیاتر بکات لەگەڵ شاندی دانوسانی هەرێمی کوردستان و سوننەکانی عێراق. لەلای خۆیەوە زیا پوتروس ئەندامی شاندی دانوسانکاری هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە محەمەد تۆفیق عەلاوی تەنازولی کردووە لە دەستنیشانکردنی وەزیرە کوردەکان و گوتوویەتی ئەو تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی دەستووریی ڕەچاو دەکات و لەئەنجوومەنی وەزیرانیشدا وەزیرێک تایبەت بەپەیوەندی و ڕێککخستنی ئیشوکارەکان لەگەڵ هەرێم دادەنێت کە لەلایەن هەرێمی کوردستان خۆیانەوە دەستنیشان بکرێت.

بەڵام گوتیشی هێشتا شاندی کوردی بەئەنجامی گفتوگۆکانی لەگەڵ عەلاوی ڕازی نییە و بڕیارە لەم 24 کاتژمێرەدا جارێکی دیکە گفتوگۆ بکرێتەوە لەنێوان عەلاوی و شاندی دانوسانکاری هەرێم.

سەبارەت بەم دواخستنەی دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ متمانەدان بەکابینە نوێیەکەی محەمەد عەلاوی زیا ئەلئەسەدی کەسایەتی سیاسی ناسراوی عێراق و یەکێک لەڕاوێژکارە نزیکەکانی موقتەدا سەدر لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: کورد 46 کورسی لەئەنجوومەنی نوێنەران هەیە کە دەنگدانی ئەو 46 کەسە پەیوەستە بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کورد، بۆیە پێناچێ محەمەد تۆفیق عەلاوی بەبێ دەنگ و متمانەی کورد بتوانێ کابینەیەکی سەرکەوتو ڕابگەیەنێت چونکە لەهەمان کاتیشدا سوننەکانیش بەشێوازی دانانی وەزیرەکان لەلایەن محەمەد عەلاوی ڕازی نین و بەوەش کاری ڕاگەیاندنی کابینەکە و هەڵسەرکەوتنی بەبێ دەنگی کورد و سوننە لاوازە و نابێتە جێگەی متمانەی عێراقییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش.

بەرپرسێکی پارتی: هەوڵەکان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک بەردەوامن

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک - گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان هۆشداریی لەبارەی ڕەوشی شاری کەرکووک و گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە، دەدات. دیاری حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک _ گەرمیانی پارتی، بە خەباتی ڕایگەیاند، هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئاوەدی دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە ، چونکە دۆخی ئێستای شارەکە مەترسی جدی لەسەرە بەهۆی سیاسەتی بە عەرەبکردن و جوواڵەی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش.

دیاری حوسێن ئیدارەی شارەکە بە ئاسانکاریکردن بۆ بە عەرەبکردنی کەرکووک تۆمەتبار کرد و ڕایگەیاند، ناسنامە و پسوڵەی خۆراکی کەرکووک بۆ عەرەبەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دروست دەکرێت و هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە دەدرێت. ئەو بەرپرسەی پارتی ئاماژەی بەوەش کرد، کە تائێستا زیاتر لە 50 هەزار عەرەبی ناوەڕاست و باشووری عێراق لە حەویجە، داقوق، دوبز، لەیلان، ڕەشاد و سەنتەری کەرکووک نیشتەجێ کراون.




دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 میلیشیاکانی حەشدی شەعبی شاری کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیان داگیر کرد.

بەهۆی ناکارایی هێز و میلیشیا عێراقییەکان، چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە کەرکووک و ئەو ناوچانە دەستیان بە جموجۆڵ کردەی تیرۆریستی کردووەتەوە و بەردەوام هاوواڵاتییانی کورد دەڕفێنن و شەهید دەکەن.

لەسەر کاراکردنەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی نێوانیان

وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق گەیشتنە ڕێککەوتن



ئێوارەی دوێنێ دووشەمە وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراقدا ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە گەیشتوونەتە ڕێککەوتن. لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە کە وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراقی فیدراڵ گەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەسەر کاراکردنەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی نێوانیان و لەلایەن وەزارەتی بەرگریی عێراقەوە، بڕیار درا شایستە دارایيەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن عێراقەوە، جێگەی پێزانینی زۆر و پابەندبوونی نیشتیمانیانەیە بە دەستووری هەمیشەیی. لە کاتێکدا و لە سالانی ڕابردوو، هێزی پێشمەرگە وەک بەشێک لە سیستمی بەرگریی عێراق، بێ بەش کرابوو لەو شایستە دارایيانەی کە مافی خۆی بوون، لە ئێستاشدا بڕیاری ناردنی شایستە دارایيەکان و جێبەجێکردنی، گەڕاندنەوەی متمانە و پەرەدانی زیاتر دەبێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکان و ئامادەسازی باشتریش بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر و تیرۆریستان.

وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نووسیویەتی کە بەردەوام دەستپێشخەری کردووە لە هێورکردنەوەی دۆخەکە، کە دەرئەنجام سەقامگیری و ئارامی ناوچەکەی لێ دەکەوێتەوە، ئەو لێکتێگەیشتنەی ئێستاش لە ئارادایە بە ئاراستەیەکی دروست هەنگاو دەنێت.

جێی باسە کۆبوونەوەی وەفدی بالای نێوان هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتی شۆڕش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە و وەفدی وەزارەتی بەرگریی فیدراڵ بە سەرۆکایەتی نەجاح شەمەری وەزیری بەرگریی عێراق بوو.



شەنگە هاوار کاکەیی

گرنگی بەشداری سەرۆکوەزیرانی کوردستان لە کۆنفرانسی میونشن

کۆڕبەندی داڤۆس و میونشن لە ماوەیەکی کەمدا کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەنگەژە سیاسییەکان و قەیرانە ئابووریەکان ساز دەکرێن، دەرخەری ئەو ڕاستییەن ئەمڕۆکە جیهان لە خستنەڕووی تەنگەژە ئابووری و سیاسییەکاندا بە نەفەسێکی جیاوازەوە ئەدایان دەکات کە لە قاڵبێکی سیستماتیکی نێودەوڵەتی ئاڕاستەی سیاسەتی خۆی دیاری دەکات. ئەم نەخشە ڕێگایانەش ئەگەر دوێنێ ناڕوونی و ڕووکەشبوونی سیمایان بووبێت، بەڵام ئەمڕۆ بە ڕوون و ڕەوانی دیارە کاریگەری زۆری لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە.

بەشداریکردنی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مەسرور بارزانی و شاندە یاوەرەکەی لە کۆنفرانسی میونشن، بەشێوەیەکی فەرمی بۆ جاری دووەم، گرێدراوی یەک ئامانجە و جەختکردنەوەیە کە ئەم دیدارانە گرنگی خۆیان هەیە، لەلایەکەوە نیشانەی بەهەندەوەرگرتنی دۆزی کورد و کاریزمای سەرۆکی حکوومەتی کوردستانە لەلایەن سیاسەتمەدارانی جیهانەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ریفرێشێکە بۆ شەقامی کوردی بەهۆی ئەو ڕووداوە تەماویانەی کە لە گۆڕەپانەکەدا کەڵەکەبوونە لە مەترسییەکانی شەڕی داعش و گوشارە ئیقلیمییەکاندا.

دیارە پاش گەنگەشەی پرسە هەڵپەسێردراوەکانیش، پرسی کوردانی ڕۆژئاوا و پرسی وزە لە باشووریی کوردستان و بایەخدان بە بارودۆخی ئەم ناوچە کوردییانە، هەڵگری هێمای پێناسەیەکی تازەشە، دەکرێ بڵێین پێناسەی ئەو ڕوانینەیە و پرسیارە بۆ کورد و کوردستان داندراون لە مەحافیلی دەوڵیدا، هەرچەندە دڵنیاین لە بەرفراوانی ڕووبەری بایەخدان و کۆبەرهەمی ئەم گفتوگۆ و ئەم دیدارانە کە ئەم گوتوێژانە لە قاڵبی دەوڵیدا بەڕێکران و بەئەنجام گەیەندران، لەگەڵ گەورە بەرپرسانی جیهاندا لە ماوەی رابردوودا، بەڵام بۆ بینینی پێگەی تازەی سیاسەت و ئاسەواری ئەم ڕوانینە تازەیە، کە پێناسەی دۆزی کورد و هاوکێشە کوردییەکانە لە قاڵبی مۆدێرنێتە و گلۆبالی جیهانیدا دەخرێنەڕوو، نەوەک لە قاڵبێکی لۆکاڵی بەرتەسک لەکاتی خستنەڕووی تەنگەژە و قەیرانە سیاسییەکاندا، بەتایبەت لە بواری وزەدا، دوای ئەم هەموو هەوڵانە لەدەستەبەرکردنی و لە بەجێگەیاندنی ئەم دڵنەواییەش، ترسی نەهاتنەدی ئەم ئامانجە ئابووریە گەورانە خۆی دەپێکێت و وێڕای وەرگرتنی زەمانەتی دەوڵی، ئەم دیدارە دڵخۆشکەرانە لە گەنگەشەکرنی دۆسێی کوردی خەم و خۆزگەکانی لەم هەڵکۆڵینە تازەیەدا، هەرچەندە بنەمایەکی بەهێزە لە بینابوون و سەقامگیریەکی ئابووریی پتەو و هاوچەرخ بۆ هەرێمی کوردستان، خۆزگەی بینینی ئاسۆکانی هەنگاوە ئەرێنییەکانی بەجێبەجێکردنی ئامانجی خۆی دەپێکێت لە دوێنێی داڤۆس و ئەمڕۆی میونشنداچ لە قایکردنی پێگەی دەوڵەتی کوردستان لە ئایندەدا و چ لە دابینکردنی سەقامگیریەکی ئابووری و سیاسی بۆ هەرێمی کوردستان لە دیسپلینی ڕاستییەکان لە ئایندەیەکی گەشدا، ئەوە چاو لەسەر کاتژمێرەکانی ڕۆژگارە بۆ سەلماندنیان و ڕۆژگاریش گۆڕەپانی گەرمە بۆ یەکلاکردنەوەیان.

*** ماستەر لەیاسای گشتی/ زانکۆی حیکمە بەیروت**

حکوومەتی هەرێم بە زۆرەملێ ئاوارەکان ڕەوانەی شوێنەکانی خۆیان ناکاتەوە

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان: حکوومەتی هەرێم هەنگاوی زۆری ناوە بۆ پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ



بڕیارە ئەمڕۆ سێشەمە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دیدارێکی تایبەت بە میکانیزمی کارا بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات، لەم دیدارەدا جگە لە بەرپرسانی حکوومەتی فیدراڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، نوێنەرانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەت، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، مامۆستایانی زانکۆ و ئەکادیمییەکان، ناوەندەکانی لیکۆڵینەوە و لێکۆڵەران ئاماده دەبن بە مەبەستی ئاراستەکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرەو شەفافیەت و بەرپرسیارێتی بۆ هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی واقعیانە بۆ ئەو ڕاسپاردانەی کە ئاراستەی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکرێن لەڕووی پاراستنی سەروەری یاسا و حوکمڕانی باش.

لەم بارەوە د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد سەرەڕای ئاستەنگەکان: هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێم کوردستان بۆ پاراستنی ڕەوشەکانی مافی مرۆڤ بەشێکی گرنگی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێکدەهێنن، بۆیە حکوومەت گرنگی بە جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانە داوە کە لە چوارچێوەی ڕاپۆرتەکانی عێراق ئاڕاستەی هەرێمی کوردستان دەکرێن و خستنەڕووی ئەم هەنگاوانە لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی لە ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ لە جنیڤ. لەم ڕووەوە چەندین ڕاپۆرت ئامادە کراوە و وەک ڕاپۆرتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ڕاپۆرتی گشتی کۆماری عێراق پێشکەش کراون لەوانە: پانۆرامای خولی گشتگیر "UPR" ڕێککەوتنامەکانی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژی ئافرەتان (سیداو)، پاراستنی منداڵان، پاراستنی مرۆڤ لە شۆێنبزرکردنی زۆرەملێ، نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی ڕەگەزپەرستی، تایبەت بە مافی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت، نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نامرۆڤانە، پەیماننامەی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان، پەیماننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پەیماننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەڵگەنامەی بنەڕەتی یەکگرتووی کۆماری عێراق.

د. دیندار زێباری هەروەها ڕایگەیاند: حکوومەتی هەرێم هەنگاوی زۆری ناوە بۆ پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگای دەرکردنی یاسا و ڕێنمایی و هەنگاوی کرداری، لە ئیستا لە هەرێم هەزاران ڕێکخراو و کۆمەڵەی کۆمەڵگەی مەدەنی و پیشەیی و ناحکومی بوونیان هەیە و سەدان ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ئازادانە کاری ڕۆژنامەوانی خۆیان ئەنجام دەدەن.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئەوەشی باس کرد کە هاتنی لیژنەی ئاوارە وپەنابەران بووە هۆی زیاد کردنی دانیشتوانی هەرێم بە ڕێژەی 23% ئەمەش قورساییەکی زۆری لەسەر هەرێم دروستکردووە لە ڕووی ئابووری و دارایییەوە، سەرەڕای ئەمە حکوومەتی هەرێم هەوڵی زۆری داوە بۆ یارمەتیدانیان و هەر لە سەرەتای هاتنیان شۆێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابینکراوە لە کەمپەکان کە ژمارەیان دەگاتە (39) کەمپ بۆ ئاوارە و (9) کەمپ بۆ پەنابەرانی سووری، و بەم دواییەش لە شارۆچکەی بەردەرەش کەمپێکی دیکە بۆ ئەو هاووڵاتیانەی ڕۆژئاوە دروستکرا کە لەئەنجامی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی سوریا ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، بەپێی دوایین سەرژمێرییەکان ژمارە ئاوارە پەنابەران دەگاتە (1,037,446) کەس کە لە نێویاندا پەنابەری سووری، تورکی، ئێرانی و فەلەستینی هەن کە بەشێکیان لە کەمپ و بەشێکی دیکەیان لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین و ئەوانەی لە ناو کەمپەکاندان حکوومەتی هەرێم 75% و ڕێکخراوە مرۆییەکانیش 25% پێپێداویستییەکانیان دابین دەکەن، هەروەها حکوومەتی هەرێم هیچ لە ئاوارەکان بە زۆرەملێ ڕەوانەی شوێنەکانی خۆیان ناکاتەوە.

ئەرکی ئەم کۆنفرانسە گەیاندنی ئەو پێشنیارانەیە کە پەیوەندییان بە ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە و ڕوونکردنەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چۆنیەتی گونجاندنی یاسا و تەشریعات و ڕێنماییەکان کە لە هەرێمەوە دەرچوونە. هەروەها گەیاندنی پەیامی هەرێم بەم لایەنە نێودەوڵەتیانەیە لەگەڵ خستنەڕووی ئەو پرۆسەیەی کە بۆ هاوواڵتیانەی ڕۆژئاوە بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور بوو وەک گرێبەستێکی نوێ لەگەڵ گەلانی عێراق، لە سێ شوێن دەستوور ئاماژە بە تەوازنی سیاسی دەکات، بەتایبەتی کورد و عەرەب.

دکتۆر تارق گەردی ڕوونیشی لەسەر هەرێم دروستکردووە لە ڕووی ئابووری و دارایییەوە، سەرەڕای ئەمە حکوومەتی هەرێم هەوڵی زۆری داوە بۆ یارمەتیدانیان و هەر لە سەرەتای هاتنیان شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابینکراوە لە کەمپەکان کە ژمارەیان دەگاتە (39) کەمپ

پێیانوایە کەسێکی گونجاو نییە بۆ قۆناغی ئێستا

هاوپەیمانیی سوننەکان داوای گۆڕینی محەمەد تۆفیق عەللاوی دەکەن

دوێنێ دووشەمە هاوپەیمانیی "قیوا ئەلعێراقیە"ی سوننەکان بە سەرۆکایەتیی محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان، بە شێوەیەکی فەرمی داوای گۆڕینی محەمەد تۆفیق عەللاوی سەرۆک وەزیرانی کردووە کە لەگۆڕە لە دروستکردنی کابینەکەی، چونکە ئەو کەسێکی تەنگژاویە و لەگەڵ ئەم دۆخەی ئێستا و ئەو ئەرکەدا ناگونجێ کە پێی سپێردراوە. هاوپەیمانیی قیوا ئەلعێراقیە ئامانجی بەوەش ڕاسپێردراوی عێراقی کرد، چونکە پێیانوایە کەسێکی گونجاو نییە بۆ قۆناغەکە. ئەم داواکارییەی هاوپەیمانیی سوننەکان لە کاتێکدایە دەبوایە دوێنێ دووشەمە پەرلەمانی عێراق کابینەی حکوومەتەکە کاتییەکەی عەللاوی پەسەند بکات، بەڵام کۆبوونەوەکە بۆ ڕۆژی پێنج شەمەی داهاتوو دواخرا، ئەگەری زۆربوونی هەیە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی پێنجشەمەش بۆ کاتێکی تر دوابخرێت.

لەمبارەیەوە هاوپەیمانیی سوننەکانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا دووپاتی کردووەتەوە کە هەڵوێستی ئەوان بەرانبەر شێوازی کارکردنی محەمەد عەللاوی کێشەی نێوان حکوومەتی عێراق و لایەنە سیاسییەکان لەلایەک و گەلانی عێراقیش لە لایەکی تر چارەسەر بکات.

عێراق ڕێگری لە هاتنی ئێرانییەکان دەکات

قەدەغەکردنی هاتنی ئێرانییەکان بۆ عێراق 15ڕۆژی دیکە درێژکرایەوە



دەستەی دەروازە سنووریەکانی عێراق ڕایگەیاند کە لەچوارچێوەی گرتنبەری ڕێوشوێنەکان بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا، قەدەغەکردنی هاتنی ئێرانییەکان بۆ 15ڕۆژی دیکە درێژکراوەتەوە. دەستەی دەروازە سنووریەکانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا، ئاماژەی بەوەکردووە کە شانەی قەیرانەکان تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا لە ئەنجوومەنی وەزیران، ماوەی قەدەغەکردنی هاتنی ئێرانییەکان بۆ عێراق بۆ 15 ڕۆژی دیکە درێژکردووەتەوە.

هاوکات سەرچاوەیەک لە دەستەی دەروازە سنووریەکانی عێراق لە لێدوانێکدا ئاشکرایکرد کە ئەو بڕیارە دوای کۆبوونەوەی نێوان شانەی قەیرانی سەربە حکوومەت تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا و باڵیۆزی ئێران لە بەغدا، ئیرەج مەسجدی دراوە. سەرچاوەکە باسی لەوەشکرد کە بڕیارەکە هەڵگرانی پاسپۆرتی دیپلۆماتی ناگرێتەوە و ئاماژەی بەوەیشکرد کە لەمیانی 24 کاتژمێری داهاتوودا، عێراق هەڵوێستی خۆی نیشان دەدات سەبارەت بە درێژکردنەوە یان درێژنەکردنەوەی ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان بۆ ئێران. جێی باسە ڕۆژی یەکشەمە وەزارەتی تەندروستی ئێران بڵاویکردبوویەوە کە ژمارەی توشبووان بە قایرۆس کۆرۆنا لەو وڵاتە بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 43کەس کە هەشتیان گیانیان لەدەستداوە. پێشتریش عێراق ڕایگەیاندبوو، بەهۆی مەترسی بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا، دەڕاوزە سنووریەکانی لەگەڵ ئێران داخستووە. هەروەها وەزارەتی گواستنەوەی عێراق ڕایگەیاندبوو کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆناوە، سەرجەم گەشتە ئاسمانییەکانی لەگەڵ ئێران هەڵپەساردووە.

شارەزایەکی دەستوور:

بە پشتگوێخستنی هەر پێکهاتەیەکی عێراق سەقامگیریی ناوچەکە تێکدەچێت



وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بە تەلەفۆن داوای لە کاندیدی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق کردووە کێشەکانی لەگەڵ کورد و سوننە چارەسەر بکات، شارەزایەکی دەستووریش دەڵێ، عێراق تەوافوقی تێدا نەمێنێ، سەقامگیریی ناوچەکە تێکدەچێت.

دکتۆر تارق گەردی، شارەزای دەستوور، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: عێراقی نوێ، بەتایبەتی لەدوای دەستووری ساڵی 2005 لە سێ پێکهاتەی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش کورد و عەرەبی شیعە و سوننەن، ئەگەرچی بەڕێژە عەرەبی شیعە 55%ی دانیشتووانی عێراق پێکدێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستووری تەوافوقی بووە، هەمووحکوومەتەکانیش بە تەوافوق پێکهاتوون، هەتا هەرسێ سەرۆکایەتییەکە وەک عورفێک بە تەوافوق بەسەر سێ پێکهاتەکەدا دابەش کراون، بەڵام ئەگەر بێت و زۆرینە بیەوێ بەناوی دیموکراسیەتەوە حوکمی ئەوانی دیکە بکات، ئەوە عەدالەتی تێدا نامێنێ.

ئەو شارەزایەی دەستوور دەشڵێت: کە ئێمە جارێکی دیکە لەدوای پڕۆسەی ئازادیی عێراق گەڕاینەوە بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور بوو وەک گرێبەستێکی نوێ لەگەڵ گەلانی عێراق، لە سێ شوێن دەستوور ئاماژە بە تەوازنی سیاسی دەکات، بەتایبەتی کورد و عەرەب.

دکتۆر تارق گەردی ڕوونیشی کردۆتەوە: ئەگەر لەناو شیعە مللملانێ هەبێت بۆ دیاریکردنی سەرۆکوەزیران ئەو پرۆسەیەکی دیموکراسیە، بەپێچەوانەوە سەرۆکوەزیران شیعە بێت و لەژێر عەباوە خەڵک بکرێتە وەزیر و بەناوی سەربەخۆوە کوتلەکان وەزیر دانێن، ئەوە سەربەخۆ نییە، هەرێمی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و وەک هەرێمێکی فیدراڵی، حکوومەت و دەزگای فەرمی و شەرعیی خۆی هەیە، هەر هەماهەنگییەک هەبێت، دەبێت لە ڕێگەی دەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بێت.

www.xebat.net
ڕۆژنامەی خەبات
ساڵی شەشەم 2020/2/25 ژمارە (5940)



لەسەر بڕیاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سێ وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە خۆر لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک دادەمەزرێن

بەڕێوەبەری گشتی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بۆ «خەبات»:

وێستگەکان توانای بەرهەمهێنانی 75مێگاوات کارەبایان هەیە



خەبات/ عەلی بانیشاری:

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی سێ وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە وزەی خۆر لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەبڕی. وێستگەکان لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) دادەمەزرێندرێن. بەڕێوەبەری گشتی بەرهەمهێنانی وزەی کارەباش دەڵێ: هەر سێ وێستگەکە توانای بەرهەمهێنانی 75مێگاوات کارەبایان دەبێت.

دیار تاهیر بابان، بەڕێوەبەری گشتی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای هەرێمی کوردستان بە (خەبات)ی ڕاگەیاند: لەئێستادا بەپێی ڕێنمایی ئەنجوومەنی وەزیران وەزارەتی کارەبا خەریکی ئامادەکردنی دەرخستەیە بۆ دامەزراندنی سێ وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە وزەی خۆر".

گوتیشی" لە ماوەی 10 ڕۆژدا دەرخستەکە ئامادە دەکرێت".

ناوبراو گوتیشی: لەگەڵ تەواوبوونی سەرجەم ڕێکارەکان و ئامادەکردنی پارچە زەویی بۆ شوێنی دامەزراندنی وێستگەکان ئەو کۆمپانیایەی کە دەرخستەکەی بۆ دەردەچێت لە ماوەی 8 مانگدا پڕۆژەکەی جێبەجێ دەکات.

دیار تاهیر بابان دەشڵێت: بۆ دامەزراندنی سێ وێستگەکە 8 کۆمپانیای ناوخۆیی و بیانی ئامادەبیان پیشانداوە.

بەڕێوەبەری گشتی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای هەرێمی کوردستان ئەوەشی گوت: وەزارەتی کارەبا تەنها کڕینی وزەی لەسەرە و هیچ بڕە پارەیەک لە دامەزراندنی وێستگەکاندا خەرج ناکات.

دیار تاهیر بابان باسی لەوەشکرد دامەزراندن و بەگەڕخستنی وێستگەکان کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی بڕی وزەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان دەبێت.

بەڕێوەبەری گشتی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای هەرێمی کوردستان هەروەها ئاماژەی بەوەشدا ئەگەر سێ وێستگەکە بە تەواوی سەرکەوتووبن لە بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە وزەی خۆر لە داهاتوودا وەزارەتی کارەبا هەنگاو بۆ ئەوە دەنێت بڕی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە خۆر بۆ 400- 500 مێگاوات بەرز بکاتەوە.

لەئێستادا وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان بڕی 3200 مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت، ئەمە لە کاتێکدایە خواست لەسەر زیاتر لە 6000 هەزار مێگاواتە. دابینکردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا هۆکارە بۆ کەمی بڕی کارەبای بەرهەم هاتووە لە کوردستان.

چین... ژمارەی قوربانیانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرزبۆتەوە بۆ دوو هەزار و 594 کەس

کاربەدەستانی چین ڕایانگەیاند، ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لەو وڵاتە گیانیان لەدەستداوە، بەرزبووەتەوە بۆ دوو هەزار و 594کەس. لێژنەی تەندروستی حکوومەتی چین ڕاگەیەندراوێکی سەبارەت بە دواینی ئاماری قوربانییانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو وڵاتە بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لەمیانی 24کاتژمێری ڕابردوودا، 150کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە چین گیانیان لەدەستداوە. بەوەیش ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لەسەرتاسەری چین گیانیان لەدەستداوە، بەرزبووەتەوە بۆ دوو هەزار و 594کەس. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە ژمارەی توشبووان بە ڤایرۆسەکە بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە، 77هەزار و 150کەس.

عێراق.. دەستگیرکردنی سەرۆکهۆزێک لە ئەنبار لەلایەن هێزێکی ئەمەریکاوە

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی عێراق ڕایگەیاند کە هێزێکی ئەمەریکا، سەرۆکهۆزی عوبێد، مەعدی عوبێدی لە ڕۆژئاوای شاری ڕومادی ناوەندی پارێزگای ئەنبار دەستگیرکردووە. سەرچاوەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت لە لێدوانێکدا گوتوویەتی: بەرەبەیانی دوێنێ دووشەمە، هێزێکی ئەمەریکا ئۆپەراسیۆنێکی ئاسمانی لە ناحیەی بەغدادی لە ڕۆژئاوای ڕومادی ئەنجامداوە و لەمیانیدا سەرۆکهۆزی عوبێد، مەعدی عوبێدی دەستگیرکردووە.

سەرچاوەکە ئاشکراشیکرد کە هێزەکەی ئەمەریکا مەعدی عوبێدییان ڕاپێچکردووە بۆ بنکەی عەین ئەسەد لە ناحیەی بەغدادی. پێشتر هێزێکی ئەمەریکا بە پاڵپشتی فڕۆکە جەنگییەکان لە سەرەتای ساڵی 2018دا، حەوت کەسیان لە هێزە ئەمنییەکان و حەشدی هۆزەکان لەگەڵ یەک ئافرەتیان کوشتبوو، هەروەها 11کەسی دیکەشیان بریندارکردبوو کە یەکێک لە کوژراوەکان خوشکی سەرۆکهۆزی عوبێد، مەعدی عوبێدی بوو.

پەرلەمانتارێکی ئێران: 50 کەس لە پارێزگای قوم بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە



نوێنەری پارێزگای قوم لە پەرلەمانی ئێران، ئەحمەد ئەمیرئابادی ڕایگەیاند کە لەمیانی دوو هەفتەی ڕابردوودا، 50کەس لە پارێزگاکەدا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە.

ئاژانسی هەواڵنێری کاری ئێران (ئیلنا) بڵاویکردەوە، نوێنەری پارێزگای قوم لە پەرلەمانی ئێران، ئەحمەد ئەمیرئابادی لە دانیشتنی پەرلەماندا ڕایگەیاندووە: تەنها لە دوو هەفتەی ڕابردوودا، بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە 50کەس لە پارێزگای قوم گیانیان لەدەستداوە.

ئەمیرئابادی ڕەخنەی لەوەش گرتووە کە بەرلە سێ هەفتە لە قوم حاڵەتی توشبووون بە کۆرۆنا تۆمارکراوە، بەڵام دەرەنگ ڕاگەیەندراوی فەرمی لەوبارەیەوە بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی زیاتر تەشەنەکردنی ڤایرۆسەکە.

ناوبراو ئاماژەی بەوە داوە کە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا وەک پێویست نین و گوتوویەتی: ڕەوشەکە لە قوم باش نییە. ئەو پەرستارانەی چاودێری توشبوانی کۆرۆنا دەکەن جلوبەرگی تایبەت بە خۆپاراستن لەو ڤایرۆسەیان نییە. هەربۆیە پەرستارەکان بەترسەوە مامەڵە لەگەڵ نەخۆشەکان دەکەن، هەروەها ئامێری پشکنین بۆ دیاریکردنی ڤایرۆسەکە بەئەندازەی پێویست نییە. تەنانەت لە زۆربەی دەرمانخانەکان دەمامکیش بەدەست ناکەوێت. ئەمیرئابادی بانگەشەی ئەوەشی کرد کە 250کەس لە قوم بەهۆی توشبوون بە ڤایرۆسەکەوە خراونەتە ژێر چاودێری وردەوە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی وەزیری تەندروستی ئێران، سەعید نەمەکی پێشکەش بە پەرلەمانی کردووە تا ئێستا لە سەرتاسەری ئێراندا، 12 کەس بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی تووشبوان بە ڤایرۆسەکەش گەیشتووەتە 47 کەس.

لە نەجەف.. یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکرا

لە شاری نەجەف باشووری عێراق، یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکرا کە هەڵگرەکەی خوێندکارێکی ئێرانییە. دوێنێ دووشەمە 24-2- 2020 بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تەندروستی نەجەف، ڕەزوان کیندی لە لێدوانێکیدا باسی لەوە کرد کە ئەنجامی ئەو پشکنینانەی بۆ خوێندکارێکی بە ڕەگەز ئێرانی کراون کە لە بواری زانستە ئایینییەکان لە شارەکە دەخوێنێت دەرکەوتووە کە ئەو کەسە تووشی ڤایرۆسەکە بووە. ڕەزوان کیندی ئەوەیشی خستەڕوو کە خوێندکارەکە گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانە و لەژێر چاودێری دایە.

بەهۆی کۆرۆناوە، دەروازەکی سنووریی عێراق لەگەڵ کوێت داخرا



سەرچاوەیەک لە فەرمانگەی گومرکەکانی عێراق ڕایگەیاند کە لەچێوارچێوەی ڕێوشوێنەکان بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، دەروازەی سنووریی سەفوان لە پارێزگای بەسرە لەگەڵ کوێتدا بە ڕووی جموجۆڵی بازرگانی و گەشتیاراندا داخراوە.

سەرچاوەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت لە لێدوانێکدا گوتی: کارگێڕی دەروازی سنووریی سەفوان لە پارێزگای بەسرە بڕیایدا کە لە ئەمڕۆ دووشەمەوە دەراوزەکە بەتەواوی بە ڕووی جموجۆڵی بازرگانی و گەشتیاراندا لە نێوان عێراق و کوێت دابخات. سەرچاوەکە ئاشکراشیکرد کە ئەو بڕیارە لەسەر داوای کوێت دراوە و ئاماژەی بەوەیشکرد کە لە ترسی گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، دەروازی سنووریی سەفوان تا کاتێکی نادیار دادەخرێت. دوێنێ دووشەمە وەزارەتی تەندروستی کوێت ڕایگەیاند کە جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا Kovid-19 لە سێ کەسدا کە لە شاری مەشهەدی ئێرانەوە سەردانی کوێتیان کردووە، بەدیکراوە. جێی باسە لە 12ی کانوونی یەکەمی 2019دا لە شاری وهان سەربە ویلایەتی هوبای جۆرێکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا دۆزرایەوە و بەخێرایی بۆ شارەکانی دیکەی چین تەشەنەی کرد، زۆربەی وڵاتانیش هاووڵاتییەکانیان لە چین گواستەوە و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش دۆخی لەناکاوی ڕاگەیاند.

حەسەن ڕووحانی:

سزاکانی ئەمەریکا وەکو کۆرۆنا وایە

سەرکۆماری ئێران حەسەن ڕووحانی دەڵێت، سزاکانی ئەمەریکا وەکو کۆرۆنا وایە. ترسی لە ڕاستییەکە زۆرترە. بە گوێرەی ئەو ڕوونکردنەوەیەی کە لە سەرۆکایەتی کۆماری ئێرانەوە بڵاوکراوەتەوە، ڕووحانی پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی نەمسا ئەلێکساندەر شالێنبێرگ کردووە. ڕووحانی، ڕایگەیاند کە ئەمەریکا جگە لە سزا ئابووریەکان سزای خستۆتە سەر خۆراک و داوەرمان و گوتی: سەپاندنی ئەم سزایانە تیرۆریزمە. لێرەدا چاوەڕێی یەکێتی ئەورووپاین بەرپرسێتییە مرۆڤایەتییەکانی خۆی جێبەجێب کات. سزاکانی ئەمەریکا وەک کۆرۆنا وایە. ترسی لە ڕاستییەکەی زیاترە.

عەلی حوسێن لەگەڵ ئەبلەحەد ئەفرام ساوا: بارودۆخی سیاسی و دواینی گۆڕانکاری و هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراقیان خستەڕوو



دوێنێ عەلی حسێن بەڕێوەبەری مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی بەڕێوەبەری دیسکی پارتە مەسیحیەکان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە ئەبلەحەد ئەفرام ساوا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کلدانی کرد.

لە دیدارێکدا بەڕێوەبەری مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کلدانی تەئکیدیان لەپەیوەندی نێوان هەردوولا و پاراستنی یەکڕیزی پێکهاتەکانی کوردستان و سەرکردایەتی پارتی و بەڕێوەبردنی کارەکانی وەزارەتی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی گەلی کوردستان لە پێناو پێشوەچوونی پرسە سیاسیەکان و چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسیەکان لەپێناو خزمەت کردنی خەلکی کوردستان بەگشتی کردەوە، هاوکات هەردوولا بە پێویستیانزانی هەموولایەک لەئاست بەڕێوەبردنی مێژووی پێشهاتە تازەکانی ئەم قۆناغە و پتەو کردنی گیانی برایەتی و ئەزموون و پێکەوە ژیانی گشت نەتەوەو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دابن.

پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی نەتەوەکان لە پێناو خزمەت کردن بەئەزموونی دیموکراسی و خەلکی کوردستان کردەوە، پاشان بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین گۆڕانکاری و هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق خرایە بەرباس و گفتوگۆ، هەروەها لەم دیدارەدا هەردوولا پالپشتی خۆیان بۆ هەنگاوەکانی سەرۆکی هەرێم و حکومەتی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی گەلی کوردستان لە پێناو پێشوەچوونی پرسە سیاسیەکان و چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسیەکان لەپێناو خزمەت کردنی خەلکی کوردستان بەگشتی کردەوە، هاوکات هەردوولا بە پێویستیانزانی هەموولایەک لەئاست بەڕێوەبردنی مێژووی پێشهاتە تازەکانی ئەم قۆناغە و پتەو کردنی گیانی برایەتی و ئەزموون و پێکەوە ژیانی گشت نەتەوەو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دابن.

دهۆک... بەرپرسێ لقێ ئێک ل ڕەوشا ئێک ژ هەلگرێ مەدالیا بارزانیێ نەمر پرسی



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک ب یاوەریا بەرپرسێ نڤێسینگەها شەهیدان و بەرپرسێ لیژنا ناوچا ئالا سەرا پێشمەرگێ ئەیلولێ و گولانێ و هەلگرێ مەدالیا بارزانییێ نەمر کەرەم ڕەسول مەلا دا، دڤێ سەردانێ دا بەرپرسێ لقێ گوت: ئەم سەر بلندین ب وێ خەبات و بەرخودانا هەوە کری و ب وێ تێکوشینا هەوە ئەڤرو یا کوردستانی دروست بوویە و ئەم ژی سوزێ ددەین کو دیکەفتییێن ڕێبازا هەوە بێن تادگەهینە ئەلندا دوماهیکێ، پێشمەرگێ دێرین سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژ بۆ ڤێ سەردانێ.

وەزیری ئەوقاف پرۆژەی کردنەوەی پەیمانگای تایبەت بە وتارخوێنان پێشکەش کرد



د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی سەردانی وەزارەتی خوێندنی باڵا توێژینەوەی زانستی کردو لەلایەن د. ئارام قادر وەزیری خوێندنی باڵا بەگەرمی پێشوازی کرا و لەدیدارەکە تەئکید لەتوندوتوڵ کردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا کرایەوە. وەزیری ئەوقاف وەک لایەنی پەیوەندی دار پرۆژەی کردنەوەی پەیمانگایەکی تایبەت بە پێگەیاندنی ووتار خوێنانی سەر بەوەزارەتی خستە ڕوو کەبەپێ ی ڕێنمایی زانستی ئەکادیمی دارێژراوەو بۆئەمەش وەزیری ئەوقاف داوای لەوەزارەتی خوێندنی باڵا کرد کەبتوانن هەماهەنگ بن تاوەکو پرۆژە کە بخەنە واری جێ بەجێ کردن بەپێ ی ڕێنمایی پسپۆرانی وەزارەتی ئەوقاف بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە بەباشترین شێوە جێبەجێ بکرێت.

لیژنەی تەندروستی و وەزیری تەندروستی ئامادەکارییەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تاووتوێ کرد



دەدرێت لەڕێگەی تیمی پزیشکییەوە پشکنینەکان ئەنجام دەدرێن و ڕێکارەکانی خۆپارێزی پەیڕەو دەکرێن.

دوای کۆبوونەوەکەش لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشدا سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و وەزیری تەندروستی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەو هەنگاوەکان و ئامادەکارییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا خرایەڕوو و وەزیری تەندروستی ئاماژەی بەوە کرد کە تائێستا هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بەو ڤایرۆسە لەهەرێمی کوردستان تۆمار نەکراوەو ڕاشیگەیاند: دەستمان وااڵ کراوەو بودجەش تەرخانکراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا.

لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگەو مافی بەکاربەر لە پەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی د.سەباح زێبارە سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکەو د.ڤالا فەرید وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان پێشوازیی لە د.سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی و شاندی یاوەری کرد. سەرەتای کۆبوونەوەکە سەرۆکی لیژنەی تەندروستی داوای لە وەزیری تەندروستی کرد کە ئامادەکارییەکان و هەنگاوەکانی خۆپارێزی بۆ ئەندامانی لیژنەکە بخاتەڕوو.

لەدرێژەی قسەکانیدا وەزیری تەندروستی باسی لەوە کرد کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لیژنەیەکی باڵا پێکهێنراوەو کۆمەڵێک ڕێنمایی و بڕیاریان دەرکردووە بەتایبەت لەسەر مەرزەکانی سنووری ئێران-کوردستان و ڕایگەیاند: بەشێکی زۆری دەروازە سنووریەکان داخراون و لەو دەروازانەی کە هاتووچۆی هاووڵاتیان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەنجام

ساخلەمی یا دهۆکێ سەردانا کۆمەلگەها دەروازەیێ نیڤ دەولەتی ئیبراهیم خەلیل کر

لسەر داخوازا حەمید عەلی سەرپەرشتێ کومەلگەها دەروازەیێ نیڤ دەولەتی ئیبراهیم خەلیل، ب مەبەستا هەماهەنگی و تۆندوتول کرنا سنوران ژپێخەمەت کۆنترول کرنا هاتنا ڤایروسا (کورونا)یێ، کومبونەک ل کۆمەلگەها سنورێ نیڤدەولەتیێ ئیبراهیم خەلیل هاتە ساز دان. ئەو لایەنێن کو بەرهەڤێن کۆمبونێ بوین پێک هاتبون ژ سەرپەرشتێ کۆمەلگەها دەروازەیێ نیڤ دەولەتی ئیبراهیم خەلیل حەمید عەلی ، شاندەکێ ڕێڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیا دهۆکێ ب سەرۆکایەتیا ڕێڤەبەرێ گشتیێ ساخلەمی یا دهۆکێ دکتور نزار عەصمت ، نوێنەرێ پارێزگاریّ دهۆکێ خێرهاد عابد ، سەرپەرشتێ دەروازەیێ پیشابوورێ شەوکەت بەربوهاری ، سەپەرشتێ دەروازەیێ سەرزێرێ عرفان سلێمان و هەروەسا بەرپرسێن فەرمانگەهێن لایەنێن پەیوەندارژی ل کۆمبونێ دبەرهەڤ بون. دکومبونێدا تەکەز لسەر چاوانییا کۆنترولکرنا دەروازەیان هاتە کرن و چەند خالێن سەرەکی هاتنە بەحس کرن ژوانان : هەر ولاتیەکێ کو خودانی ناسنامەیا عیراقی بیت و ل 2020/1/14یێ سەردانا ولاتێ چینێ کربیت یان ژی ل پشتی 2020/2/5یێ سەردانا ولاتێ ئیرانێ کربیت، دێ ژلایێ تیما ساخلەمیا سەر سنوری ب شێوازەکێ زانستی هێتە ڕەوانەکرن بۆ جهێ پێدڤی ل نەخوشخانەیا تەنگاڤیان، ئەگەر هیمایێن هەلگرتنا ڤایروسا کورونایێ ل وی کەسی دیار بون، دێ کەڤیتە دبن چاڤدێریێ ڤە دژوورەکا تایبەتدا، ئەگەر چ هیمایێن هەلگرتنا ڤایروسێ لێ دیارنەبون،دێ هێتە ڕەوانەکرن بۆ موتێلەکا تایبەت کو ل زاخو بۆ ڤان حالەتان هاتیە دابین کرن و کەڤیتە دبن چاڤدێریا ساخلەمیێ ڤە هەتاکو 14 ڕۆژ لسەر دەمێ سەردانا وی بۆ وان هەردوو ولاتان دەرباز دبیت.

دهۆک... ڕێڤەبەرێ فەرمانگەها ئاڤا دهۆکێ هاتە گوهورین



عیسی حەسن/دهۆک:

جەمیل ڕێڤەبەرێ بەرێ هاتە دانان. جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزکر کو ئارمانج ژ گوهورینا ئەوە کار و خزمەت بەرەنگەکێ باشتر بهێنە پێشکێشکرن و بناڤێ پارێزگەرێ دهۆکێ وکارگێریا پاریزگەهێ دەست خوشی وسوپاسیا ڕێڤەبەرێ بەرێ یێ فەرمانگەها ئاڤا دهۆکێ کر ل دور ئەو خزمەتا دماوێ 28 سالێن بوریدا پێشکێشکری یێ دەستهەلاتا نەشەرعی ل شنگال ڕێڤەدبەن، بۆ مەرەمێن خوە تایبەت ڤان گەفێن کوشتن و ڕەڤاندنێ ل خەلکێ شنگال دکەن. خۆیا ژی کرکو خەلکێ مە پتر ژ 85% دناڤ کەمپان داینە و نکارن بچنە شنگال ژبەر ڕەوش مەترسیدارە، چونکە هەر کەسێ ل شنگال بهێتە کوشتن ئەو چوو. ئەڤە بوویە جهێ مەترسیێ لسەر ژیانا خەلکێ شنگال.

قەزا شنگال بۆ دیار کر کو گەفێن ڕەڤاندن و کوشتنێ ل وەلاتییێن سڤیل دناڤ شنگال دا دهێنە کرن. هەتا ژی هەر کەسەکێ ژ کەمپان بچتە شنگال ب مەرەما سەردانێ ژی بیت تووشی گەفان دبیت ژلایێ وان گرۆپێن ناڤ شنگال دا. ئەو خەلکێ چووینە ناڤ شنگال ژی، تووشی مەترسی و گەفێن کوشتن ورەڤاندنێ بن. گرۆپ ولایەنییێن سیاسی بەرپرسێ ڕاگەهاندنا لقێ17 پارتی دیموکراتی کوردستان ل قەزا شنگال دیارکرکو خە لکێ سڤیل دناڤ شنگال دا هاتیە ترساندن ژلایێ گرۆپێن چەکدار ڤە. نها ڕەوشا شنگال گەهشتیە وێ ئاستێ چو کەس نەشێن بچنە شنگال بۆ هەر مەرەکی بیت.

ئیدریس زۆزانی، بەرپرسێ ڕاگەهاندنا لقێ17 پارتی دیموکراتی کوردستان ل هەرەوسا پیروزباهیا ڕێڤەبەرێ نوو کر وسەرکەفتن بو خواست. ژلایێ خوڤە ڕێڤەبەرێ بەرێ پیروزباهیا ڕێڤەبەرێ نوو کر وهیڤی یا سەرکەفتنێ بو خواست وپشتەڤانیا خو بو کارێ وی یێ نوو دیارکر. هەروەسا ڕێڤەبەرێ نوو تەکەزکر کو ئەو دێ ل جهێ وێ باوەریێ بیت یا پێ هاتیە ڕاسپاردن و کار و خزمەتا خەلکێ دەڤەرێ وسەکتەرێ ئاڤێ ب لسوزی کەت.

پۆلیسی سلێمانی: لە ماوەی 15 ڕۆژدا 10 تۆمەتبار دەستگیرکران



لەڕاگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بڵاوی کردەوە کە لەماوەی 15 ڕۆژی ڕابردوودا لەچەند چالاکییەکی جیاجیادا مەفرەزەکانی بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سلێمانی 10 تۆمەتباریان دەستگیرکرد.

- دوو تۆمەتبار دەستگیرکراون کە هەستاون بەئەنجامدانی مامەڵەکردن بەبەڵگەنامەی ساختەوە.

- تۆمەتباریێک دەستگیرکراوە کە هەڵگری بەڵگەنامەی ساختە بووە.

- حەوت تۆمەتبار دەستگیرکراون کە تاوانی ساختەکارییان ئەنجامداوە.

ڕاشیدەگەیەنن ، لەئێستادا سەرجەم تۆمەتباران بەپێی ماددەی 289-298 لەیاسای سزادانی عیراقی ڕاگیراون و لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بەردەوامە.

لە شارۆچکەی بەمۆ کێشەی مۆڵگایەتی هەیە

بەڕێوەبەری شارۆچکەی بەمۆ: لەڕووی ڕێگاوبان و پارک و بینای فەرمانگە و شۆستە و شەقامەوە کەموکوڕیمان هەیە





دیمانە/ عەلی بانیشاری-هەڵەبجە

سمکۆ سالار، بەڕێوەبەری شارۆچکەی بەمۆ دەڵێ" وێڕای ئەوەی بەمۆ مەزرێکی سنووری لەسەرە، بەڵام ڕێگاوبانی خراپە و لەو کاتەوەی خراوەتە سەر هەڵەبجە هیچ جۆرە پڕۆژەیەکی بۆ نەکراوە". سمکۆ سالار لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ (خەبات) دەشڵێت"زیادەڕۆیی لە سنووری شارۆچکەی بەمۆ کەمە، بەڵام کێشەی مۆڵگایەتی هەیە". باس لەوەشدەکات قەیرانی دارایی کاریگەری خراپی لەسەر ناحیەکە جێهێشتووە. ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات لە داهاتوودا کار لەسەر چارەسەرکردنی کەم و کورتییەکانی بەمۆ دەکەن.



بەوتەی دانیشتووانی بەمۆ لە ساڵانی ڕابردوودا کەمترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە شارۆچکەکەیان کراوە. ئەگەرچی مەرزی پشتە لە سنووری بەمۆیە، بەڵام شارۆچکەکە سوود لە داهاتی مەرزەکە نەبینیووە. پێش ئەوەی لە 1/9/2015 بخرێتە سەر پارێزگای هەڵەبجە، بەمۆ سەر بە ئیدارەی گەرمیان بووە. چەندین جار گوندنشینەکانی سنووری بەمۆ باسیان لەوە کردووە گرفتی گەورەیان نەبوونی ڕێگاوبانێکی گونجاوە.

بەڕێوەبەری شارۆچکەی بەمۆ دەڵێت" لە ساڵی 2015ـەوە بەشێوەیەکی گشتی پڕۆژەی پارک و شۆستە و شەقام و هیچ جۆرە پڕۆژەیەکی دیکە بۆ ناوچەکە ئەنجامنەدراوە". لەبارەی داهاتی ساڵانەی مەرزی پشتەوە کە لە سنووری شارۆچکەی بەمۆیە و چاککردنی ڕێگاوبانی بەمۆ؟ سمکۆ سالار دەڵێ" ئەگەرچی داهاتی مەرزەکە لە ساڵی ڕابردوودا 28 ملیار دینار بووە، بەڵام ڕێگاوبانی بەمۆ خراپە". دەشڵێت" حکوومەت وەکو پێویست ئاوڕی لە بەمۆ نەداوەتەوە و قەیرانی دارایی کاریگەری خراپی لەسەر ناوچەکە هەبووە".


سەبارەت بە زێدەڕۆییەکان بۆ سەر مۆڵک و مالی گشتی؟ بەڕێوەبەری شارۆچکەی بەمۆ دەڵێت" لە سنووورەکەدا زێدەڕۆیی زۆر کەمە و لەو ڕووەوە بەمۆ کێشەیەکی وەهای نییە". لەبارەی کێشەی مۆڵکایەتیشەوە؟ سمکۆ سالار دەڵێ" لە بەمۆ کێشەی مۆڵکایەتی هەیە، چونکە زۆربەی زەوی ناوچەکە بەناو شێخەکانەوە تۆمارکراون". سمکۆ سالار ئاماژە بە کۆمەڵێک پڕۆژە دەدات کە پێویستە بۆ بەمۆ ئەنجام بدرێن لەوانەش: ڕێگاوبان، پاک، شۆستە و شەقام، وە هەروەها بینای فەرمانگەش". ناوبراو داوا دەکات گرنگی بە مەرزی پشتە بدرێت و بکرێتە مەرزێکی نێودەوڵەتی.

بەڕێوەبەری شارۆچکەی بەمۆ دەڵێ" لە داهاتوودا بەجدی کار لەسەر ئەو پڕۆژانە دەکەین کە پێویستن بۆ سنووروکە و چارەسەری کەم و کورتییەکانیش دەکەین". سمکۆ سالار کە لە 11/6/2019ـەوە بووەتە بەڕێوەبەری شارۆچکەی بەمۆ دەشڵێت" بەرنامەی ئەوەشمان هەیە چەند فەرمانگەیەکی وەکو بەشی کشتوکاڵ و کتێبخانە و فەرمانگەی ئاو و کارەبا بۆ بەمۆ بکەینەوە و شارۆچکەکە ببۆژێنینەوە".

بەمۆ لە 1999ـووەتە ناحیە و بە دوری 110 کیلۆمەتر کەوتووەتە باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای هەڵەبجە. ژمارەی دانیشتووانی شارۆچکەکە هەزار کەس دەبێت و زۆرینەی خەڵکی بەمۆ لە شارۆچکەی وارماوە دادەنیشن. 14گوند لە سنووری بەمۆدا هەن. لە 2015دا لەسەر داوای دانیشتووانی بەمۆ شارۆچکەکە خراوەتە سەر پارێزگای هەڵەبجە. دانیشتووانی بەمۆ بە ئاژەڵداری و کاروکاسپیکردن لە مەرزی پشتە خەریکن.

تا ئێستا 70%ی هاوواڵاتیان پارەی ئاویان نەداوە

بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر: پێوەری ئاو سێ کێشەی هەیە و چارەسەریان دەکەین







دیمانە/ فاتیح بەرزنجی

ئەندازیار ئاری ئەحمەد بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر بۆ لە دجیمانەیەکی تایبەت بە خەبات دەڵێت: هاوواڵاتیان تەنها لەوەرزی هاویندا تووشی کێشەی ئاو دەبن و تیمەکانی ئێمەش بەدواداچوونی تەواو بۆ کێشەی ئاو دەکەن، ئاوێکی زۆر بەهەدەر دەدرێت و ئەو ئاوەی کە بۆ هاووڵاتیان دابینکەرێت بەهۆی ئەو سێ پڕۆژە گەورانەی ئیفرازەوە دابینکەرێ، (ئاوی ئیفرازی یەک و دوو سێ) جگە لە هەبوونی (هەزار و 161بیری ئاو) لەناو گەڕەکە جیاجیاکان لەگەڵ هەبوونی (پڕۆژەی ئاوی قەندیل - پیرمام - سەری بڵند - شەقڵاوە) ئاو بۆ ئەو شارۆچکانە دابینەدەکات.

دکتۆر/ دلژفان محمد فاتح جلال
بەڕێوەبەری گشتی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە/ ٢٢٠/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عدالت محمد حمید
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٢٢٠/ج/٢٠١٩ وە پاش دادگاییکردنت بە پاشملە غیابی لە ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٩ دادگا بڕیاریدا بە بەندکردنت بۆ هەتا هەتایە (مؤبد) بەپێی مادەی ٣١/٤٠٦ لە یاسای سزادان. بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیێنین کە لە ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی مادەی ٢٤٣ لە یاسای بنەماکانی سزایی مافی تانە لێدانت (الاعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
سەرۆک/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە/ ٤٢٩/ج/٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ راستی رحمان عزیز
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە/ ٤٢٩/ج/٢٠١٧ وە پاش دادگاییکردنت بە پاشملە غیابی لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١/١٢ دادگا بڕیاریدا بە بەندکردنت بۆ ماوەی ٧ حەفت سال بەپێی مادەی ٤٤٤/سادسا لە یاسای سزادان. بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیێنین کە لە ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی مادەی ٢٤٣ لە یاسای بنەماکانی سزایی مافی تانە لێدانت (الاعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
سەرۆک/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارە/ ٢٢٠/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (بەختیار صافی تقی الدین) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (کوردستان جلال عثمان) داوای ژمارە ٩٦٧/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە کە تیاید داوای بژێوی دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختارەکانی گەرەکی سێبەردان/ کەسنەزان بۆیە دادگا بڕیاری دا کە پێت ڕابگەیێندرێت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٣/٢٩ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ناشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ ناطق شمس الدین کوخا حسین
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٦٥٠/ش/٢٠٢٠/٢
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٢/٢٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (شفان انور خضر)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ڕێناز صمد سعید) داوای ژمارە (٦٥٠/ش/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (تەیراوە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە بەهۆی نادیاریت بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەکە دا بەپێ ڕاگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە بەهۆی نادیاریت بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەکە دا بەپێی ئەو ڕاگەیاندنەی کە لە ڕۆژنامەکە دا بڵاو دەکرێتەوە بەپێی یاسا.
دادوەر/ د.سردار علی عزیز
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/١
ژمارە: ٢٥٢٥/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٩
داواکار/ هێمن اکرم حسن ناونیشانی: سلێمانی
داوالەسەرکراو/ سمین قربان
مهدی ناونیشانی: نادیارە
داواکار (هێمن اکرم حسن) داوایەکی بە ژمارە (٢٥٢٥/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە ئەم دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (٢٠٢٠/٢/٥) بڕیاریدا بە (سەلماندنی ڕەچەڵەک) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە ئەگەر لەماوەی یاسایدا هەلنەستیت بە تانەلێدانت پیاچوونەوەی بڕیارەکە ئەو بڕیارە پلەی کۆتای وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ د.سردار علی عزیز
***

DNO
EST • 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Workover Supervisor-12 months fixed term
Work Location	Field
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

Due to increased drilling activity, a full projects pipeline and increasing production, DNO is now seeking an experienced Well Intervention Supervisor to work on a 4 week-on 4 week-off rotation roster on a back to back basis.
The Well intervention Supervisor has overall wellsite responsibility for the supervision of all rigless operations. Health, safety, environment and security are core values at DNO, and the Well Intervention Supervisor will be responsible and accountable for leading operations in a safe and environmentally sound manner as well as setting the tone for operational excellence in DNO's Kurdistan operations.

Required Qualifications & Experience:

- Minimum 20 years of experience in Workover and Well Interventions with a minimum of 10 years as lead supervisor.
- MENA Land experience preferred
- Experience working with mobile workover rigs and pulling units
- Fully experienced in, ESP and PCP pump operations and cased hole fishing operations
- Fluent in English. PC literate. Experience with Peleton Wellview software prefererred
- A valid Level 4 Supervisor IWCF Certificate
- Safety courses required to carry out work at site and in accordance with company policy and as required by Country law and regulations

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST • 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Well Intervention Supervisor-12 months fixed term
Work Location	Field
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

Due to increased drilling activity, a full projects pipeline and increasing production, DNO is now seeking an experienced Well Intervention Supervisor to work on a 4 week-on 4 week-off rotation roster on a back to back basis.
The Well intervention Supervisor has overall wellsite responsibility for the supervision of all rigless operations. Health, safety, environment and security are core values at DNO and the Well Intervention Supervisor will be responsible and accountable for leading operations in a safe and environmentally sound manner as well as setting the tone for operational excellence in DNO's Kurdistan operations.

Required Qualifications & Experience:

- Minimum 15 years' experience, including workovers and well intervention operations at supervisory level.
- Preferably have a qualification degree in Petroleum Engineering or a relevant discipline.
- MENA Land experience preferred
- Fluent in English. PC literate. Experience with Peleton Well view software preferred
- A valid Level 4 Supervisor IWCF Certificate
- Safety courses required to carry out work at site and in accordance with company policy and as required by Country law and regulations

Key Competencies:

- Must have a track record of recent experience as a Well Intervention Supervisor.
- Must have good understanding of best industry practice on supervising of well integrity during completions, workover and rigless operations.
- Fully Competent in
  - Well Interventions incl. Coiled Tubing and Slickline operations
  - ESP and PCP pumps incl. running / pulling operations
  - Fishing cased hole
  - Swelling packer knowledge
  - Completion running operations
- Wellsite supervision during testing operations

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٢٣
ئاگاداری
بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن شاکر علی یوسف لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی و ئێستا دانداوە لە پیشەسازی باشوور و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە بۆیە ئەو کەسەی پەیوەندی بەمە و بە کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە کە بە دواکەوتوو دادەنرێت تا کاتی یەکلایی کردنەوەی داواکە و نارازیبوون بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار بەپێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسای دادنووسی ژمارە ٣٣ی سالی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنی پێ دەدرێت.
بۆتان کامیران میران

ئامێرەکان:
١- ئامێری پرێس ١٠ ملم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٦٢ ، دروستکراوی تورکی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی K.W٢٠ , تێبینی بە یەک ماتۆری کارەبایی کارەدکات ، نرخ ٤٢,٠٠٠,٠٠٠ .
٢- ئامێری پرێس سەنتەر ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٦٦ ، دروستکراوی ئێرانی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی K.W٥ , تێبینی بە یەک ماتۆری کارەبایی کارەدکات ، نرخ ٦,٠٠٠,٠٠٠ .
٣- ئامێری مقەست ١٠ ملم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٦٧ ، دروستکراوی تورکی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی K.W٢٠ , تێبینی بە یەک ماتۆری کارەبایی کارەدکات ، نرخ ٤٢,٠٠٠,٠٠٠ .
٤- ئامێری پرێس بۆ دروستکردنی سەری تانکی ٨ ملم، ژمارەی ئامێر ٠٠١٦٩ ، دروستکراوی خۆمالی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی K.W١٠ , تێبینی بە یەک ماتۆری کارەبایی کارەدکات ، نرخ ١٢,٠٠٠,٠٠٠ .
٥- ئامێری ڕۆلە ١٠ ملم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٧٠ ، دروستکراوی خۆمالی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی K.W٢٠ , تێبینی بە یەک ماتۆری کارەبایی کارەدکات ، نرخ ١٢,٠٠٠,٠٠٠ .
٦- ئامێری دڕێلی ستونی ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٧١ ، دروستکراوی ئێرانی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی K.W٥ , تێبینی بە یەک ماتۆری کارەبایی کارەدکات ، نرخ ٦,٠٠٠,٠٠٠ .
٧- ئامێری پرێس بۆ کەپس کردنی سەری تانکی ١٠ ملم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٧٢ ، دروستکراوی خۆمالی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی K.W١٠ , تێبینی بە یەک ماتۆری کارەبایی کارەدکات ، نرخ ١٢,٠٠٠,٠٠٠ .
٨- ئامێری لحیم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٧٣ ، دروستکراوی سینی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی ٢٠ ئەمپێرە , کارەبایی کارەدکات ، نرخ ١,٢٠٠,٠٠٠.
٩- ئامێری لحیم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٧٤ ، دروستکراوی سینی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی ٢٠ ئەمپێرە , کارەبایی کارەدکات ، نرخ ١,٢٠٠,٠٠٠.
١٠- ئامێری لحیم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٧٦ ، دروستکراوی سینی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی ٢٠ ئەمپێرە , کارەبایی کارەدکات ، نرخ ١,٢٠٠,٠٠٠.
١١- ئامێری لحیم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٧٧ ، دروستکراوی سینی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی ٢٠ ئەمپێرە , کارەبایی کارەدکات ، نرخ ١,٢٠٠,٠٠٠.
١٢- ئامێری لحیم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٧٨ ، دروستکراوی سینی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی ٢٠ ئەمپێرە , کارەبایی کارەدکات ، نرخ ١,٢٠٠,٠٠٠.
١٣- ئامێری لحیم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٧٩ ، دروستکراوی سینی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی ٢٠ ئەمپێرە , کارەبایی کارەدکات ، نرخ ١,٢٠٠,٠٠٠.
١٤- ئامێری لحیم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٨١ ، دروستکراوی سینی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی ٢٠ ئەمپێرە , کارەبایی کارەدکات ، نرخ ١,٢٠٠,٠٠٠.
١٥- ئامێری لحیم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٨٢ ، دروستکراوی سینی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی ٢٠ ئەمپێرە , کارەبایی کارەدکات ، نرخ ١,٢٠٠,٠٠٠.
١٦- ئامێری لحیم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٨٧ ، دروستکراوی سینی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی ٢٠ ئەمپێرە , کارەبایی کارەدکات ، نرخ ١,٢٠٠,٠٠٠.
١٧- ئامێری لحیم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٩٠ ، دروستکراوی سینی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی ٢٠ ئەمپێرە , کارەبایی کارەدکات ، نرخ ١,٢٠٠,٠٠٠.
١٨- ئامێری لحیم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٩٣ ، دروستکراوی سینی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی ٢٠ ئەمپێرە , کارەبایی کارەدکات ، نرخ ١,٢٠٠,٠٠٠.
١٩- ئامێری لحیم ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٩٥ ، دروستکراوی سینی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی ٢٠ ئەمپێرە , کارەبایی کارەدکات ، نرخ ١,٢٠٠,٠٠٠.
٢٠- ئامێری رافعە ، ژمارەی ئامێر ٠٠١٩٨ ، دروستکراوی یابانی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی گاز ، توانای کارەبایی ٢,٥ تەن , بە مەشینی و میکانیکی گاز کارەدکات ، نرخ ١٨,٠٠٠,٠٠٠.
٢١- ئامێری رافعە ، ژمارەی ئامێر ٠٠٢٠٠ ، دروستکراوی یابانی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی گاز ، توانای کارەبایی ٢ تەن , بە مەشینی و میکانیکی گاز کارەدکات ، نرخ ١٢,٠٠٠,٠٠٠.
٢٢- ئامێری رافعە ، ژمارەی ئامێر ٠٠٢٠١ ، دروستکراوی یابانی ، مۆدیلی ٢٠١٢ ، جۆری سوتەمەنی گاز ، توانای کارەبایی ٢,٥ تەن , بە مەشینی و میکانیکی گاز کارەدکات ، نرخ ١٨,٠٠٠,٠٠٠.
٢٣- ئامێری کەتەر ، ژمارەی ئامێر ٠٠٢٠٣ ، دروستکراوی یابانی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی K.W٢, بە یەک ماتۆری کارەبایی کارەدکات ، نرخ ٦٠٠,٠٠٠.
٢٤- ئامێری تۆکسجین ، ژمارەی ئامێر ٠٠٢٠٤ ، دروستکراوی یابانی ، مۆدیلی ٢٠١١ ، جۆری سوتەمەنی غاز, بە غاز کارەدکات ، نرخ ١٢٠,٠٠٠.
٢٥- ئامێری بەرهەمهێنانی کارەبا ، ژمارەی ئامێر ٠٠٢٠٧ ، دروستکراوی سویدی ، مۆدیلی ٢٠١٢ ، جۆری سوتەمەنی کارەبا ، توانای کارەبایی K.V.A٤٤٥, بە تەولیدی میکانیکی گاز کارەدکات ، نرخ ٦٠,٠٠٠,٠٠٠.

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی زاخو
جاردانی داواکاری سەرلەنوێ
تۆمارکردنەوەی خانووبەرە
بەپێی ئەو داواکارییەی لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٤ کە پێشکەش بە فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لە نوێ تۆمارکردنی تەواوی خانووبەرەی ٤/١٩٣ کەرتی ١٤ عباسیە بەناوی (کلی سلیمان حسن و حاجی و سکفان و عادل و خالد و سندی و کوڤان و حیاة و نازدار زاروکێت علي بطال) کە لەژێر دەستیەتی بۆ ماوەی یاسایی وەک خاوەنی و بەمەبەستی چەسپاندنی خاوەنداریەتییەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرەی ژمارە ٤٣ی سالی ١٩٧١ تۆماربکرێت بریارماندا داواکاریەکە بڵاوبکرێتەوە جا هەر کەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی یاسایی دیاریکراوی هەبێ لەماوەی ٣٠ ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەکە بەلگە و قەوالەی خۆی پێشکەش بەم فەرمانگەیە بکات و لەکاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی دوای کۆتایی ماوەی ئەم بڵاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینە کە لەو ڕۆژە بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامدا دەدرێ.
یونس محمد احمد/ ڕێڤەبەر

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Instrumentation & Control Engineer-12 months fixed term
Work Location	Field
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:
DNO is seeking an experienced I&C Engineer to be based in Tawke, Kurdistan. The I&C Engineer will be joining an international and dynamic working environment characterized by experienced, skilled and motivated employees.
The I&C Engineer shall be responsible for the design and production of I&C layout drawings, general arrangement drawings, 3D Model and construction drawings, MTO's for I&C works. The I&C Engineer shall produce drawings and information in response to requests from the Project Manager Tawke.
The I&C Engineer shall provide on-site support during construction, testing, pre-commissioning, commissioning and handover activities.
The I&C Engineer shall be accountable for the overall co-ordination of all I&C engineering in accordance with the approved development plans and the corporate design and HSSE standards.
Please visit our website to read more details on this job
Required Qualifications & Experience:
- Degree qualified.
- >10 years of experience in capital expenditure (capex) projects, preferably within the oil and gas industry.
- Minimum BSc (or Equivalent) in Instrumentation or Controls Engineering.
- Ideally ATEX of Compex certified.
- Fluent in English language.
- Experienced in AutoCAD.
- Experienced in 3D modeling.
- Experience with Distributed Control Systems.
- Ideally sufficiently competent in both instrument/control and electrical to cover both fields of expertise.
- Experience of both North American and European/International Codes and standards. There is a combination of 50Hz & 60Hz equipment & systems.
- Both E&P Operator experience and EPC contractor experience preferred
- Must be physical fit, the job involves considerable site work at times in adverse weather conditions.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Production Operations Manager
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:
DNO is seeking an experienced Production Operations Manager with a strong technical acumen to be based in Erbil, Kurdistan. The Production Operations Manager is a key member of the DNO Kurdistan Leadership Team and will be joining an international and dynamic working environment characterized by experienced, skilled and motivated employees.

The Production Operations Manager shall be responsible for the HSSE performance of the DNO's operating fields and delivering on planned production targets.

The role is responsible for coordination of all activities within the producing fields including drilling, testing, projects and production activities.

The role holder ensures, through contract holders and DNO supervisory staff, that all DNO and Contractor personnel behave in manners consistent with DNO policies, practices and procedures and deliver compliance with the same.

Please visit our website to read more details on this job

Required Qualifications & Experience:
•Engineering degree or master's degree preferred
•Minimum 20 years' experience in the oil and gas industry with at least five years in a senior leadership role over producing facilities.
•Competent in the management of HSE in a multicultural environment.
•Significant experience in the management of asset integrity programs.
•Competent in the role of Crisis Management – Management of Major Emergencies or Incident Commander qualified
•Experience in competence development and progression programs, both technical and leadership competencies.
•Able to work in a mixed and culturally sensitive environment

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Senior IT Engineer
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary: DNO is looking for a senior IT engineer that can lead the IT organization in Kurdistan as well as taking part in the global teamwork of DNO-IT.
IT services in Kurdistan are delivered through local effort as well as utilizing resources from other offices. DNO-IT seeks to strengthen its capability and presence in Kurdistan. Accordingly, we are seeking a person with the following profile.

Responsibilities:

- Be the focal point for IT-service delivery in KRI to all sites including field locations and drilling rigs
- Manage Kurdistan IT staff
- Follow up local suppliers
- Demonstrate on-site, hands-on capability. Be on location and execute with assistance from outside when needed
- Work in an international matrix team

Required Qualifications & Experience:

- MSc, BSc IT Technology or similar (Experience can compensate for less formal education)
- Strong Project management skills demonstrating projects delivered in complex and challenging environments.
- Infrastructure Management
  - Good acumen from network design, implementation and operation
    - Certified on CISCO technologies.
    - Experienced in dynamic routing and robust NW design involving satcom, radio links and regular fiber.
  - Proficient in a layered approach to security.
  - Experience working according to security frameworks like CIS, NIST or ISO.
  - Strong experience in hypervisors and cloud provisioning.
  - Experience from Azure & Office 365 or Kubernetes technology
- Experience from working in a team distributed over several locations
- Communication skills within the IT team and to the user community
- Supplier management

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

www.xebat.net
ژمارە (5940) سێ شەممە 2020/2/25
خەبات



بیبلۆگرافیا...

جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا

ئا: هەندرین شێرزاد

23ی حوزەیرانی 2016
لە راپرسیەکدا 51.9%ی بەریتانیەکان دەنگیان بۆ چوونەدەرەوەی وڵاتەکەیان لە یەکێتی ئەورووپا دا.

24ی حوزەیرانی 2016
دێڤید کامیرۆنی سەرۆکوەزیرانی (ئەو کاتەی) بەریتانیا کە یەکێک بوو لە لایەنگرانی مانەوە لە یەکێتی ئەورووپا دەستی لە کار کێشایەوە و ئەرکەکە بە تیرێزا مای سپێردرا.

29ی ئاداری 2017
تیرێزا مای سەرۆکوەزیرانی پێشووی بەریتانیا مادەی 50ی ڕێککەوتننامەی لشبۆنەی خستە بواری جێبەجێکردن و پرۆسەی بڕێگزتیش بە فەرمی دەستی پێکرد و بڕیار وابوو لە 29 ی ئاداری 2019 کۆتایی بێت.

بەر لە ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا و وەک هەنگاوێک بەرەو بەهێزکردنی پێگەکەی، تیرێزا مای داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی پێشوەختەی کرد. بەڵام ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ڕۆژی 8ی یۆنیۆی 2018 بوونە شکستێک بۆ ئەو و دەبوایە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی یەکگرتووخوازی دیموکراتی لە ئێرلەندای باکور پێک بێنێ.

13ی تشرینی دووەمی 2018
حکومەتی بەریتانیا ڕایگەیاند کە دانوستانکارانی بەریتانیا و ئەورووپا گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێک و لە 25ی هەمان مانگدا لە میانی کۆنگرەیەکی یەکێتی ئەورووپادا ڕەزامەندی لەبارەوە وەرگیرا.

15ی کانونی دووەمی 2019
زۆرینەی پەرلەمانتارانی بەریتانیا ڕێککەوتنی بڕێگزتیان ڕەت کردەوە، لە بەرامبەردا بڕۆکسلیش ڕازی نەبوو بەوەی گفتوگۆی دیکە دەربارەی بڕێگزت ئەنجام بدات.

22ی ئاداری 2019:
پەرلەمانتارانی یەکێتی ئەورووپا ڕازی بوون بەوەی بڕێگزت بۆ 22ی ئایار دوا بخرێ ، بە مەرجێک ئەگەر پەرلەمانتارانی بەریتانیا بە ڕێککەوتنی چوونەدەرەوە ڕازی بن.

28ی ئۆکتۆبەری 2019:
یەکێتی ئەورووپا ڕازی بوو بەوەی بڕێگزت تا 31ی کانونی دووەمی 2020دوابخرێ.
پەرلەمانی بەریتانیا بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا ڕۆژی 12ی کانونی یەکەم هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێ.



22ی ئاداری 2019
پەرلەمانتارانی یەکێتی ئەورووپا ڕازی بوون بەوەی بڕێگزت بۆ 22ی ئایار دوا بخرێ ، بە مەرجێک ئەگەر پەرلەمانتارانی بەریتانیا بە ڕێککەوتنی چوونەدەرەوە ڕازی بن.

29ی ئاداری 2019
بۆ جاری سێیەم پەرلەمانتارانی بەریتانیا ڕێککەوتنی بڕێگزتیان ڕەت کردەوە.

11ی نیسانی 2019
یەکێتی ئەورووپا دەرفەتێکی دیکەی بە بەریتانیەکان بەخشی بە مەرجێک لە 31ی تشرینی یەکەم تەواو بێ.

23ی نیسانی 2019
تیرێزا مای ناچار بوو بڕیار لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئەورووپی بدات و ڕۆژی دواتر ڕایگەیاند کە بە نیازە ڕۆژی 7ی یۆنیۆ دەست لەکار بکێشێتەوە.

23ی تەموزی 2019
پارتی پارێزگارانی بەریتانیا بۆریس جۆنسۆنی لایەنگری بڕێگزتی بۆ جێگرتنەوەی تیرێزا مای دەستنیشان کرد.

3ی ئەیلولی 2019
دوای جیابوونەوە و دەرکردنی ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی پارتەکەی، جۆنسۆن زۆرینەی دەنگی لە پەرلەمان لەدەست دا و پەرلەمان دەنگیان بۆ یاسایەک دا کە سەرۆکوەزیرانی ناچار کرد ئەگەر تا 19ی ئۆکتۆبەر ڕەزامەندی سەبارەت بە بڕێگزت دەستەبەر نەکات، ئەوا دەبێ پرۆسەکە دیسان دوا بخات.

22ی ئۆکتۆبەری 2019
پەرلەمانی ئەورووپا دەنگی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی تازە دا ، بەڵام بەگوێرەی خواستی جۆنسۆن نا کە دەیویست پەلە بکرێ و پرۆسەکە لە 31ی ئۆکتۆبەر جێبەجێ بکرێ.

24ی ئۆکتۆبەری 2019
بە مەبەستی ڕزگاربوون لە تەنگژەکە، جۆنسۆن داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی پێشوەختەی کرد.

28ی ئۆکتۆبەری 2019
یەکێتی ئەورووپا ڕازی بوو بەوەی بڕێگزت تا 31ی کانونی دووەمی 2020 دوابخرێ.
پەرلەمانی بەریتانیا بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا ڕۆژی 12ی کانونی یەکەم هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێ.

12ی کانوونی یەکەمی 2019
هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانی لە بەریتانیا ئەنجام درا و جۆنسۆن سەرکەوتنی یەگلاکەرەوەی وەدەست هێنا.

20ی کانوونی یەکەمی 2019
پەرلەمانی نوێی بەریتانیا ڕەزامەندی دەربارەی ڕێککەوتنی بڕێگزت دەربڕی.

23ی کانوونی یەکەمی 2019
دوای ڕازیبوونی ئەنجومەنی لۆردانی بەریتانیا ، خاتو ئەلیزابێسی شاژنیش ڕەزامەندی سەبارەت بە بڕێگزت دەربڕی.

29ی کانوونی دووەمی 2019
پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بڕیاری لەبارەی ڕێککەوتنی بڕێگزت دا.

31ی کانونی دووەمی 2019
کاتژمێر 12ی شەوی هەینی لەسەر شەمە، بەریتانیا بە فەرمی لە یەکێتی ئەورووپا کشایەوە و چووە نێو قۆناغێکی ئینتیقالی کە 11 مانگ دڕێژە دەکێشێ و بەریتانیاش بۆی هەیە داوا بکات ئەو ماوەیە سالێک یان

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
دوای چەند هەوڵێک بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکەی، مهاتیر محەمەدی سەرۆکوەزیرانی ماڵیزیا دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی پادشای وڵاتەکەی کرد.



ئیلاف:
بیرنی ساندەرزی کاندیدی دیموکراتەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە گەیشتە کۆشکی سپی، هەر کاتێک چین هێرش بکاتە سەر تایوان، بە هێز وەڵامی دەداتەوە.



ئەی ئێف پی:
بومەلەرزەیەک بە گوڕی 5.7 پلە لەسەر سنووری تورکیا و ئێران ڕوویدا و لە ئەنجامدا لە شاری وان 7کەس گیانیان لەدەست دا.



ڕۆیتەرز:
بە سەردانێک کە بڕیار وایە چەند ڕۆژێک بخایەنێ ، دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا گەیشتە هیندستان.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
سەرۆکی چین ڕایگەیاند لە ساڵی 1949وە قایرۆسی کورۆنا بە مەترسیدارترین بارودۆخی ناهەمواری تەندروستی دادەنرێ.



کەناڵی ئار تی:
ڕێکخراوی قاعیدە بە فەرمی هەواڵی کوژرانی یەکێک لە سەرکردەکانی لە دوورگەی عەرەب ڕاگەیاند.



چۆن ڕووەکێکی باڵا کورت بەرهەم بێنین؟

ئەو شێوازە پشت بە چاندنی دار یان دەوەنێکی ویستراو دەبەستێت لە نێو ئینجانە (مەرکان)دا دەچێندرێت کە قاباڵەی ئەو ئینجانانە بە گوێرەی ویست و ئاڕەزوو دەگۆڕێت و بەندە لەسەر قەبارەی ئەو ڕووەکەی دەمانەوێت پەروەردەی بکەین. بچووککردنەوەی قەبارەی ڕەگ و سنووردار کردنی هۆکارە بۆ ئەوەی گەشەی ڕووەکەکە کەم بێت لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵپاچین و بڕینی گونجاو کە زۆر کەس بەو شێوازە پەروەردەیە دەڵێن هونەری پەیکەرتاشی. بە باش دەزاندرێت لە کاتی چاندندا تەزێکی تا ڕادەیەک بچووک هەڵبژێردرێت لەو جۆرەی کە حەز و ئاڕەزووی لەسەرە، بە شێوەیەکی گشتی سەرجەم تەزە دارەکان دەکرێت بەو شێوازە بچێندرێن.

ئەمامی داری میوە یان ڕووەکی جوانی دەهێنین و پێشوەختە ئینجانەیەکی گەنجاوی بۆ ئامادە دەکەین کە بۆ شێوازی پەروەردەکەمان بگونجێت، پاشان دەست بە چاندنی دەکەین ئەوەش لە سەرەتای وەرزی بەهاردا، دوای ئەوەی دڵنیا دەبینەوە کە چاندنەکە سەرکەوتوو بووە بە بینینی چەند گەشەیەکی تازە دەست دەکەین بە بڕینی ئەو لقانەی بۆ سەرەوە گەشە دەکەن و هەوڵدەدین گەشەکردنەکە بە شێوەی ئاسوویی بێت، ئینجا ڕووەکەکە بە گوێرەی ویست و ئاڕەزووی خۆمان پەروەردە دەکەین.

بێگومان ڕووەکە چێندراوەکە توخمی خۆراکی پێویست بۆ گەشەکردنی پێ دەدرێت وەک پەینی کیمیایی (NPK, Ca, Mg) و تۆخمە دەگمەنەکان و پەینی ئۆرگانی وەک (کۆمپۆست و فیرمی کۆمپۆست و زیلی ئاژەڵی و پاشماوەی باڵندە و پاشماوەی ناندینی ماڵ وەک (تۆپکڵی هێلکە و مۆز و ناوکی میوە دوای هاپینی)، ئەو جۆرە پەینە زیاتر گرنگی پێدەدرێت بە بەراورد بە پەینی کیمیایی بۆ بەرهەمهێنانی میوەیەکی سروشتی و ئۆرگانی لە نێو ماڵدا، ئەگەر ناچار بووین پەینی کیمیایی بەکار بهێنین ئەو بەرێژەیەک و بڕێکی کەم دەبێت و بڕەکەشی یەک لە دەیای ئەو بڕەیە کە لە دەرەوە بەشێوەی کێڵگەی کراوە بەکار دێت.





میسرِ یەکەمی جیهانە لە بەرهەمهێنانی زەیتوونی خواردن

ڕاپۆرتێکی فەرمی ئەنجوومەنی نێودەوڵەتی زەیتوون IOC سەبارەت بە بەرهەمی جیهانی زەیتوونی سفرە (خواردن) لە ساڵی 2019-2020دەریدەخات کە وڵاتی میسرِ لە پلەی یەکەمی جیهانی دێت.

ڕاپۆرتەکەی ئەنجوومەنی نێودەوڵەتی زەیتوون کە بارەگاکەی لە وڵاتی ئەسپانیایە ئاماژە بەوە دەکات کە بەرهەمی جیهانی بە ڕێژەی 13.9 هەڵکشانی بەخۆوە بینیوە و گەیشتە زیاتر لە 2925500تەن لە وەرزی 2019-2020بە بەراورد بە 2569000تەن لە وەرزی 2018- 2019.پێشبینی دەکات کە وڵاتی میسرِ شوێنی وڵاتی ئەسپانیا بگرێتەوە بە بەرهەمهێنانی 690هەزار تەن زەیتون ئەم ساڵ بە بەراورد بە 497هەزار تەن لە وەرزی ڕابردوودا، لە کاتێکدا کە ئەسپانیا بۆ پلەی دووەم پاشەکشە دەکات بە بەرهەمهێنانی 500تەن زەیتون بە دابەزینی ڕێژەی 16% لەگەڵ ساڵی ڕابردوودا کە بەرهەم گەیشتبووە 580هەزار تەن. گەورە بەرهەمهێنەرەکانی دیکەی زەیتونی سفرەی خواردن وەک جەزایر و مەغریب لە هەمان ئاستی ساڵی ڕابردوو دا هاتن بە بەرهەمهێنانی 300هەزار تەن بۆ جەزایر و 130 هەزار تەن بۆ مەغریب.

پێشبینی دەکرێت بەرهەمی وڵاتی تورکیا کەمێک پاشەکشە بکات بە بەرهەمهێنانی 414هەزار تەن لەم وەرزەدا بە بەراورد بە 423هەزار تەن لە وەرزی ڕابردوودا. لە لایەکی دیکەدا بەرهەمهێنانی زەیتونی خواردن لە (ئیتاڵیا) زۆر زیادی کردووە تا ڕێژەی 85%لە کاتێکدا کە بەرهەمی وەرزی ڕابردوو تەنها 40هەزار تەن بوو لەم وەرزەدا بەرهەمی گەیشتە 74هەزار تەن، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ڕکابەرە گەورەکاندا تاکو ئێستا قەبارەی بەرهەمی کەمە.

هۆکاری ئەو هەڵکشانەی بەرهەم لە وڵاتی میسرِ بۆ هەڵمەتی چاندنی داری زەیتوون دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی 2015دەستی پێکرد و مەزندە دەکرێت کە نزیکەی 53 ملیۆن دار زەیتوون تاکو ئێستا چێندرابێت، ئەو دارەش زۆر گونجاوە لەگەڵ کەشوهەوای ئەم وڵاتە کە لە بەرنامەیاندا هەیە 100ملیۆن دار زەیتوون بچێنن.

خواردنی کەلەرم سوودی زۆرە

لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی نوێ ئاشکرایدەکات کە کەلەرم (کەلەم) و سەوزە خاجییەکان وەک تورر و قەرنابیت هەندێک لە ئاوێتەی سروشتییەکان لە پێکهاتەکەیاندا هەیە کە ئەگەری هەیە هاوکار بێت بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکانی چەوری جگەر (کە هۆکارەکەی خۆاردنەوەی ماددە ئەلکهولییەکان نیە).

توێژینەوە پزیشکییە تازەکە کە لە زانکۆی "تکساس" ئەمەریکی ئەنجام دراوە و ئەنجامەکەی لە گۆڤاری "نەخۆشییەکانی جگەر" بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بەوە دەکات، ئاوێتە سروشتییەکان کە بە "ئەندۆل" ناسراوە بۆی هەیە بچێتە پێکهاتەی دەرمان و چارەسەری نەخۆشییەکانی جگەر، یان وەک ڕێوشوێنی خۆپاراستن لە نەخۆشیی چەوری جگەر بەکار بێت.

دکتۆر "شواو" مامۆستا لە کۆلێژی پزیشکی "تکساس" دەڵێ: بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە لەو باوڕەداین خۆراکە تەندروستەکان توانای زۆریان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی ئەندرۆلی پێویست بۆ ڕێگاگرتن لە نەخۆشیی چەوری جگەر کە هۆکارەکەی خواردنەوەی ئەلکهول نیە، بەسوودیشە بۆ تەندروستی ئەو کەسانەی توشیی ئەو نەخۆشییە هاتوون. جەختیش لەوە کردەوە کە گۆڕینی سیستەمی خۆراکی بۆی هەیە هاوکار بێت بۆ ڕێگاگرتن و چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە و باشکردنی تەندروستی نەخۆشەکە.

توێژەران هۆشداری دەدەن لە پشتگوێ خستنی چارەسەری نەخۆشیی چەوری جگەر بە شێوەیەکی ڕاست و دروست، کە ئەگەری هەیە بێتە هۆی شێرپەنجەی جگەر یان کرژبوونەوەی جگەر.



تایبەتمەندی چاککردنی دەستکردنی ئاژەڵ

چاککردنی دەستکردی ئاژەڵان چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندی هەیە لەو کاتەیەوە کە سپێرمی ئاژەڵەکە بە شێوەیەکی میکانیکی وەردەگیرێت تا ئەو کاتەی لە هێلکەدانی ئاژەڵە مێینەکە دادەندرێت و پێتاندن دروست دەبێت، لەم چەند خاڵەدا تایبەتمەندییەکانی ئەو کرداوە باس دەکەین:

یەکەم. جۆری باش کە توانای بۆماوەیی بەرزە دەستنیشان دەکرێت بۆ بەرهەم هێنانی شیر و گۆشت.

دووەم. ژمارەی ئاژەڵە مێینەکانی چاکدەکرێن لە ساڵێکدا زیاد دەبێت، ئەگەر هەیە بگاتە 20-10هەزار مێینە بە سپێرمی یەک نێرە بە چاککردنی دەستکرد، لە کاتێکدا بە چاککردنی سروشتی هەر ئاژەڵێکی نێرە تەنها 50-60 ئاژەڵ چاکدەکات.

سێیەم. بەهۆی ئەو کرداوەوە پێویست ناکات خاوەن پرۆژە ژمارەیەکی زۆر لە ئاژەڵی نێر پەروەردە بکات بەوەش تێچووی بەرهەمهێنان کەم دەبێتەوە و ڕەچەڵەکێکی باش و وێستراوی دەست دەکەوێت و دەتوانێت کۆنترۆڵی کاتی زان و ماوەی زان بکات.

چوارەم. پێویست ناکات خاوەن پرۆژەی بەرهەمهێنان بەدوای ئاژەڵی نێرەی باش بگەڕێت.

پێنجەم. بە سوودە بۆ تێکەڵکردنی تەرز و ڕەگەزەکانی ئاژەڵ و بەدەستهێنانی ئاژەڵێکی لێکدراوی بەهێز بە گواستنەوەی سپێرمەکان لە نێو وڵاتە جیاوازەکاندا.

شەشەم. ڕێگاگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئەگەر چاککردنە دەستکردکە بە شێوەیەکی تەندروست و لەژێر چاودێری کەسانی شارەزا بێت.

حەوتەم. توانای زاوزێی ئاژەڵ زیاد دەکات بە زیادبوونی چەند جارەی ئاوسی.

هەشتەم. سوود وەرگرتن لە ئاژەڵی نێرەی بە تەمەن یان ئەوانەی کێشیان زۆرە و توانای پەرینی سروشتییان نییە، ئەویش بە وەرگرتنی سپێرم و ساردکردنەوەی تا پلەی بەستان بۆ کاتی پێویست.

نۆیەم. یارمەتیدەرە بۆ هەڵگرتنی پەراوگەکان بە تایبەتی پەراوی چاککردن و ڕەگەزی ئاژەڵ.

دەیەم. دەرفەتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زیاتر دەبێت سەبارەت بە پەروەردە و هەڵبژاردنی ئاژەڵ و باشکردنی بۆماوەیی کە ئەوانە لە چاککردنی سروشتی دەستەبەر نابێت.



لەم مانگەدا ئەو کردارانە بۆ داری پرتەقاڵ دەکرێت

دارە مزرەمەنییەکان وەک پرتەقاڵ و نارنج و لیمۆ و لالەنگی لە مانگی شوباتدا پێویستە ئەم کردارە کشتوکاڵییانەیان بۆ بکرێت:-

یەکەم. لەو ناوچانەی ڕێژەی باران بارینیان کەمبووە پێش وەرزی گوڵکردن ئاودانێکی زۆر بۆ داری مزرەمەنی دەکرێت.

دووەم. دەستدەکرێت بە پێدانی پەین بە دارەکان بە تایبەتی هەردوو توخمی نایترۆجین و کالیسیۆم، ئەوەش بڕکەی بە گوێرەی تەمەنی دارەکە دەبێت.

سێیەم. گەلاکان شیکارییان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی بزانین تا چەند پێویستی بە توخمە دەگمەنەکانە، ئەگەر کەمبوو ئەوە لە ڕێگای ڕشاندن بە دارەکان دەدرێت.

چوارەم. بەردەوام دەبین لە قەڵاچۆکردنی نەخۆشیی کەتیرەی و لابردنی لقوپۆپی ژێرەوەی دارەکە.

لەیاریيەکانی خولی نایابی عێراقدا

هەولێر دوور لەیاریگا و هاندەرانی گڕی لەنەفتی میسان بەردا



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

یەکشەمەی رابردوو هەفتەی دووەمی یاریيەکانی خولی نایابی عێراق بەڕێوەچوو، لەیاریگای وەرزشی میسانی ئۆلۆمپی، هەردوو یانەی نەفتی میسان و هەولێر ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، گێمی یەکەمی یاریيەکە بەڕێوەچوو، هەردوو یانە بەپلانی هێرشبردن یارییان دەکرد، بەڵام تیپی خاوەن یاریگا لەلایەن یاریزانان ئەحمەد عەبدولرزاق وئیبراهیم نەعیم و ویسام سەعدون چەندین هێرشی مەترسیان بۆ سەر گۆڵی یانەی هەولێر دەهێنا، بەڵام هەموو هێرشەکانیان بێ ئامانج وبێ سوود بوون، گێمی یەکەم بەیەکسانبوونی هەردوولا بەبێ گۆڵ تۆمار کردن کۆتای هات.

لەگێمی دووەم هەردوو ڕاهێنەران چەند یاریزانێکیان بەمەبەستی بەهێزکردنی پێکهاتەی تیپەکە ئالوگۆر کرد، هەردوو یانە بەهەستیاریەوە یارییان دەکرد و هەوڵی ئەوەیان دەدا ڕێگری لەیەکتر بکەن لەگۆڵ تۆمار کردن و هەردوو تیپەکە هەوڵی ئەوەیان دەدا لەدەرفەتێکدا گۆڵێک تۆمار بکەن و ئەنجامی یارییەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی یەکلایکاتەوە، یارییەکە تاخولەکی 90 بەبێ گۆڵ مایەوە، ناوبژیوان 5 خولەکی لەیارییەکە زیاد کرد، لەکاتی زیادکراودا یاریزانی پێشەگەری کامیرۆنی کریستۆفەر توانی زەبرێکی کوشندە لەتیپی خاوەن یاریگا بدات و گۆڵی یەکەم وسەرکەوتن بۆ یانەی هەولێر تۆمار بکات، ئەم گۆڵە سەرجەم یاریزانانی یانەی نەفتی میسانی بێ دەنگ کرد و یاریزانەکان لەنێو یاریگا شۆک بوون ، یانەی هەولێر لەم کاتە هەستیاردا گۆڵ تۆمار بکات و 3 خاڵ و بردنەوەیەکی گرینگ لەدووری هاندەران ویاریگای خۆی لەسەر دەستی نەفتی میسان بەدست بهێنێت و بەدڵخۆشی و بەکامەرانی یاریگاکەی جێهێشت.

پێویستە بگوترێ یانەی هەولێر دوای بردنەوەی لەیانە نەفتی میسان بەکۆکردنەوەی 6 خاڵ لەپلەی دووەمی ڕێزبەندی خولەکەدا دەبیندرێت، هەر یەک لەیانەکانی مینا ونەجەف ونەفت لەپلەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم دەبیندرێن، یانەی قوەی جەوییە بەکۆکردنەوەی 6خاڵ بەجیاوازی گۆڵ لەگەڵ یانەی هەولێر لەپلەی یەکەمدا جێگیر بووە.

فۆتۆ: سەبوور ڕەشید

سێرجیۆ ڕۆبیرتۆ بەهۆی پێکانەوە لە یارییەکەی ریال و ناپۆلی دادەبڕێت

یانەی بەرشلۆنە رایگەیاند کە سێرجیۆ ڕۆبیرتۆی تەمەن 28 ساڵ بەهۆی پێکانەوە لە یارییەکانی یانەکەی دوور دەکەوێتەوە و ئەگەری ئەوە هەیە ئەم دابڕانە ماوەی مانگێک بخایەنێت.

بەگوێرەی ئەو پێکانەش کە سێ تا چوار هەفتە دەخایەنێت، سێرجیۆ ڕۆبیرتۆ بۆ هەردوو یارییە گرنگەکەی یانە کەتالۆنیەکە بەرامبەر یانەکانی ناپۆلی و ریال مەدرید ناتوانێت یاری بکات.



کۆرۆنا هەڕەشە لە یاری ناپۆلی و بەرشلۆنە دەکات

لەو کاتەی،حوسێن یاسین، پەیامنێری کەناڵەکانی بی ئێن سپۆرت لە شاری میلان لە ئیتالیا، لە پەیامێکی ڕاستەوخۆی بۆ بەشی هەواڵەکانی کەناڵەکەی ڕایگەیاند، هیچ مەترسییەکی قایرۆسی کۆرۆنا ، لە باشووری ولاتی ئیتالیا لە گۆڕێدا نییە، کە شاری ناپۆلیش دەکەوێتە ئەوێ، ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی ئیسپانیا ئاماژە بەوە دەدەن، لەوانەیە یاری نێوان بەرشەلۆنە و ناپۆلی بەهۆی قایرۆسی کۆرۆنا دوابخرێت. ئەوەش دوای ئەوەی یەکێتیی تۆپی پێی ئیتالیا، بەهۆی بڵاو بوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا ، سێ یاری ڕۆژی یەکشەمەی خولی ئیتالیای دواخست، بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی مۆندۆدیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی، دوای ئەوەی بەرپرسانی یەکێتیی تۆپی پێی ئیتالیا ، بەهۆی مەترسی بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا چەندین یاریبان لە خولی ئیتالی دواخست، دوور نییە یاری چوونی نێوان ناپۆلی و بەرشلۆنەش لە قۆناغی 16 خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دوا بخرێت، بەڕپرسانی ئیتالیا دووپاتیان کردووتەوە، یاری نێوان بەرشەلۆنە و ناپۆلی دوانەخرێت، بەڵام پێش دەست پێکردنی یاریيەکە، هەندێک ڕێوشوێنی توند بۆ پاراستنی یاریزانان و هاندەران دەگیرێتە بەر. لەهەواڵەکەدا ئاماژە بەوەکراوە ، سەرجەم یاریزانانی بەرشەلۆنە و ناپۆلی، پێش دەست پێکردنی یاریيەکە پشکنینی تایبەتیان بۆ ئەنجام دەدرێت و ئەگەر دەرکەوت هەر یاریزانێک پلەی گەرمی لەشی بەرز بووتەوە، ڕێگری لە بەشداری کردنی لە یاریيەکەدا دەکرێت، هەروەها دەنگۆی ئەوەش هەیە، یاریيەکە بە بێ ئامادەبوونی جەماوەر بەڕێوەبچێت، بەڵام تاکو ئێستا هیچ شتێک یەکلایی نەبووەتەوە.

ڕەمزی میرەکانی



زێدان ڕەشبینە

زێنەدین زێدانی ڕاهێنەری یانەی ریال مەدرید بەگەشبینییەوە ناڕوانێتە پێکانەکەی ئیدین هازارد کە لە یاریيەکەی لیڤانتی توشی پێکان هات.

هازارد بەهۆی ئەو پێکانەوە بۆ ماوەی سێ مانگ دوور دەکەوێتەوە، کە تەنها دوو یاریيە دوای چاکبوونەوەکەی بەشداری یاریيەکانی ریالی کردووە، لەمبارەیەوە زێدان بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند کە هەمان ئەو شوێنەی هازارد تووشی پێکان بوویتەوە، بۆیە پیم وایە بارودۆخەکە باش نابێت، هەروەها زێدان گوتی: لە دوو یاریيدا پێنج خاڵمان لەدەستدا، بەڵام دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە ئەمە شایستەی ئێمە نەبوو لەم دوو یاریيەی ڕابردوودا، چونکە یاریزانانمان هەموو توانایەکی خۆیان لەو یاریيانەدا سەرف کرد، بەڵام ئیتر ئەوە تۆپی پێیە.

ئۆلۆمپی کوردستان!



زاگرۆس نانەکەلی

پارسڵ بابەتێکم بڵاوکردەوە بەناونیشانی (ئۆلۆمپی ماوە تا داخرێت)، (2786) ساڵ پێش ئێستا، بەدامەزراندی ئۆلۆمپی جیهان لەم بەرواڕە ئۆلۆمپی کوردی دەڵێن دادەخرێت!. ساڵی 1995 لیژنەی ئۆلۆمپی وئەنجومەنی باڵای وەرزش لە سلێمانی وهەولێر بەجیا دامەزرا،لە 5/11/ 2006 شوکر یەکتریان گرتەوە ومەلا بەختیار بوو بە سەرۆک،دوای 17ساڵ،واتەلەرێکەوتی 20/2/2012 دەستی لەکارکێشاوە وسەلاح حەسەن خەسرۆ بوو بە سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی تا ئێستا!،لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان لەرۆژەی دامەزراندنی تا ئێستا چەند هەنگاوێکیانناا بۆ بەناساندنی و دانی پێدابنێن وەکو لێژنەی ئۆلۆمپی هەرێمەکان،بەڵام بەداخەوە بە هۆی بیری ناتەندروست و نا ئەکتیڤی لیژنەکە تا ئێستا نەعیراق و هەرێمەکان و جیهانیش دانی بە لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان دانەناوە!

لیژنەی ئۆلۆمپی ولاتان دەسەلات و مەرجەعی وەرزشە،لای ئێمە خاوەن خانوو لەبەر قەرز دەڵێ بانکەخانەکەم بۆ چۆل بکەن، لە (30) یەکێتی وەرزشی تەنها یەکیان بەبەردەوامی فول بوو، ئەوانی تر پاڵەوانیەتییێک بەڕێوەدەبەن لە 365 ڕۆژی ساڵ تەنها بەدانێک تەواوی دەکەن، ئەوە پێی دەڵێن وەرزش!، لە 19/5/1992پەرلەمانی کوردستان یەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجامدا، تا ئێستا چوار خولی پەرلەمان تەواو بووە، لە 30/9/2018 هەڵبژاردن بۆ خولی (پێنجەم) بەڕێوە چوو، لەخولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان ساڵی 2009لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان پرۆژە یاساییەکی تایبەت بە لیژنەی ئۆلۆمپی پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کرد، واتە (10) ساڵ لەمەوبەر، تائێستا ئەم پرۆژە یاسایەی لیژنەی ئۆلۆمپی دانیشتن و خوێندنەوەی بۆ نەکراوە!، سەیرە دەبێت پەرلەمانی کوردستان بیانوی چی هەبێت پرۆژە یاساییەکی لیژنەی ئۆلۆمپی (10) ساڵ لەمەوبەر پێشکەشی پەرلەمان کراوە تا ئێستا دانیشتن و خوێندنەوەی بۆ نەکراوە؟ ئەی لیژنەی ئۆلۆمپی دەبێت ئەوان تا ئێستا بۆ بێ دەنگن و یەک هەنگاو بەرەوپێش نەچووینە، بەڵگەش ئەم یاساییە تا ئێستا هەموار نەکراوە.

لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان شتێکی نەماوە کە پێناسە و بوونی بێت،تەنانەت لەهەموو ڕوویک ئالای سپی هەڵکردووە بەڵام شەرم و بریاری سیاسی ڕایگرتووە،گەر هیچ شتێک نەماوە بەناوی ئۆلۆمپی، بۆیە گرنگە بڕیار بەدەستانی وەرزش لە ئێستاوە لیژنەی ئۆلۆمپی هەڵبوەشێنەوە و کۆتایی بەو دڕامایە تراژیدیایە بێنن، چونکە ناکرێت لەم وڵاتە تەنها گرنگی بەیەک وەرزش بدەی و ئەویش سەقەت بێت، ناکرێت تا ئێستا خودی کورد یاسای بۆ وەرزش وئۆلۆمپی دانەناوە، کەواتە با لێرەوە واز لە عاتیفە و ڕۆژ بەڕێکردن و رکابەری نا وەرزشیانە و بیرکردنەوەی خۆبەزلزان و قۆرخکردنی چەندین پۆست لە یەک کەسدا بنبڕبکەین، دەبێت ئەمجارە بەڵۆژیک و هزر و نیازپاکی و وەزشوانانە بیربکەینەوە، رق وکینە و دووبەرەکی وحزبیانە و خزمانە و بەرژەوەندییانە و قۆرخکارانە و خۆ ویستانە و بەلاوەنێین و ئەوانەی ساڵانێکە (چەسپی دوو قلیان) لە کورسیەکانیان داوە تەنها بەرژەوەندی خۆیان دەپارێزن، پێویستە خۆیان وکورسییەکان ببەن بۆ (کۆگا) کان، ئەو هەموو بڕوانامەی ماستەر ودکتۆڕا وپڕۆفیسۆر و پێداچوونەوە بە بڕوانامەکانیان و بەرهەماکانیان بکەن، چونکەمەعقول چییە کوردستان غەرقی بڕوانامەی وەرزشی بووە وکەچی سەرەڕای ئەو هەموو بڕوانامانە غەرقی قەیران بووە.

نموونەیەکی زیندوو هەڵبژاردەی بەریتانیا بەناوی (ئینگلەتەڕا وئیسکۆتەلەندا و ویلز و ئیرلەندا) لە ئۆلمپیاد لەژێر ئالای وڵاتی (وڵاتانی یەکگرتوو) بەشداری دەکەن،کەچی لە مۆندیال بە چوار وڵاتی جیابەشداردەبن، بۆیە دەبێت لەئێستاوە درەنگە و زوونییە لیژنەی ئۆلۆمپی حەل بکرێت ،چونکە دوای زیاتر لە (25) ساڵ تا ئێستا وڵاتانی دراوسێ و جیهان بەگشتی دانیان بە لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان نەناوە،بەڵگەش یەک یاریزانی کورد بەناوی هەرێمی کوردستان لەو ماوەیە بەشداری هیچ ئۆلۆمپیادێکی نەکردووە،لەبری ئەوە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوەند ڕێکەوتن بکات و بەشی کورد لە لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق وەربگرێت وپۆستەکانی کورد بتوانێ لەناوخۆ وەدەرەوە کاری پێ بکات،ناکرێت لەدوای (29) ساڵ وەرزشی کوردی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەوە نەمان وفەوتان بچێت،ناکرێت خولێک (8) مانگ بەردەوام بێت وخولێکیش (2) کاتژمێر لە ساڵێک!،ئەمە هەرچی بێت وەرزش نیە،بۆیە هەموومان بەیەکەوە دانایانە بیربکەینەوە و تەنها دوو ڕێگامان لەپێشە،چۆن ئۆلۆمپی کوردستان وابکەین وڵاتانی جیهان دانی پێدابنێن،یاخود بە بەواقیعێکی تاڵەوە حەل بکرێت، بۆچوونەکان زیاتر وای بۆ دەچن کە ئۆلۆمپی کوردستان دوا ساتەکانی ژیانی بێت ومالئاوایی بکات، گەر ئۆلۆمپی عێراقی جیهانی دان بە ئۆلۆمپی کوردستان بنێن،ئەوا لە 1/5/ 2006 لەڕۆژی ڕاگەیاندنی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان تا ئێستا دەکا زیاتر لە (14) ساڵە ڕەنج و کارکردنی بە فیرۆ نەچوو خەونەکەی دێتە دی، بەڵام حەل بکرێت وهەڵبوەشێتەوە،ئەوا لەساڵی 1995 تا ئێستا دەکاتە (25) ساڵە وەرزشی کوردی هاوشێوەی خەونی زڕاو و خەیاڵی فریودراو و سەرابە، ئەوکاتە بە ڕاستییێکی ژەهراوی دەبێ بڵێین شتێک نەبووە و نیە بەناوی وەرزش و ئۆلۆمپی کوردستان.

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پشتی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com


KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue.25. Feb. 2020 No: (5940)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

ئاریان ڕەحمان: ئەگەر هونەر ببێتە پیشە، هونەرمەند تێیدا سەرکەوتوونابێت


سوڵێن سلێمان

هونەرمەندی دیاری بواری میوزیکی ستایلی راپ لە دیمانەیەکدا بۆ خەبات دەڵێت: چەند ساڵێکە کار دەکەم لە بواری ستایلی میوزیکی راپ. لەساڵی 2006دەستم بەکاری هونەری کردووە و یەکەم قیدیۆ کلیپم لەساڵی 2012بڵاوکردەوە بەناوی (بێزارم لێت). تا ئێستا نزیکەی 30بەرهەمی گۆرانییم هەیە. لە پرسیاری ئەوەی کەوا هونەرت وەک حەزو ئارەزوو هەڵبژاردووە، یان وەک پیشە؟ لە وڵامدا دەڵێت: هونەر ئەگەر ببێتە پیشە هەرگیز تێدا سەرکەوتوونابیت، من لە ناخی دڵەوە کاری هونەری دەکەم. سەبارەت بە پشتگیرییەکەی دەڵێت: پشتیوانی یەکەم خوای گەورەیە، پشتیوانەکانی تریش مانّ هاوڕێکانم و ئەو کەسانەی گوێ لە بەرهەمەکانم دەگرن. هەروەها یەک ئەلبوومم هەیە بەناوی (سەرەتا)، لە ساڵی 2009بڵاوکراوەتەوە و چەند بەرهەمێکی تریشم ئامادەیە و هیچ ئەلبومی ترم لە بەردەستدا نیە لە ئێستادا. لە پرسیاری ئەوەی بەرای تۆ چۆن دەتوانرێت هونەری کوردی پێشبخرێت؟ دەڵێت: هونەری کوردی بە جۆرێک پێشدەکەوێت کاتێک وشەکان بگونجێن لەگەڵ کۆمەڵگا. باسی ئەو ئاستەنگانەش دەکات، کە ڕووبەڕووی هونەرمەندەکان دەبنەوە دەڵێت: نەبوونی بودجەیەکی تایبەت و ئەو سپۆنسەرانەی بۆ هونەرمەندان کە بتوانن زیاتر خزمەتی هونەر بکەن. هەروەها گووتیشی، کەوا بێجگە لە گۆرانی گوتن تێکست و ئاوازیش دادەنێم. ئاماژەی بەوەش داو گوتی: هونەری کوردی لە ڕووی قیدیۆ کلیپەوە پێشکەوتووە، بەڵام لە ڕووی ئاوازو تێکستەوە پێشکەوتوو نییە. گوتیشی حەز بەدەنگی پیانۆ دەکەم و هەروەها زۆر سەرسامی دەنگی هونەرمەندە شڤان پەرەودر و هەژار ساڵحە. چەند بەرهەمێکی بەردەستە بۆ بڵاوکردنەوە، کە بەم زوانە یەکێکیان بەناوی (خەتێت سوور) بڵاو دەبێتەوە. ئایا هیچ دوێتێکت لە بەرنامەدا هەیە و پێت خۆشە دوێت لەگەڵ چ هونەرمەندێک بکەی؟ بەڵێ دوێتێکم لە بەرنامەمدا هەیە و حەز دەکەم لەگەڵ خانمە هونەرمەند چڕپی فەتاح دوێت بکەم. هونەرمەند ئاریان هۆکاری ئەوە باس دەکات، کەوا بۆچی هونەری شێوازی ڕاپی هەڵبژاردووە، دەڵێت: دەنگم بۆ ڕاپ گونجاوترە و بەو ستایلە دەتوانم هەموو هەستی ناخم دەربڕم. لە کۆتاییدا دەڵێت: هیوادارم هونەرمەندانی کورد زیاتر لە یەکتر نزیک ببنەوە و پشتگیریی یەکتر بکەن و کاتێک کارێک دەکەن بە دڵ و بە گیان نەک تەنیا چەند وشەیەکی دووبارە بڵێنەوە و بڵاوی بکەنەوە.





سلێمانی.. ئەمڕۆ لە دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان خوێندنەوە بۆ دوو کتێبی ساسان عەونی دەکرێ



ئەمڕۆ سێشەممە 25ی شوباتی 2020 لە شاری سلێمانی و لە دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، کۆڕێکی ڕۆشنبیری کە ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ سازی کردووە، بۆ ناساندن و خوێندنەوەی هەردوو کتێبی (ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات ململانێ و هەژموون) لە نووسینی ساسان عەونی و هەروەها کتێبی (ئامانجەکانی مۆسکۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لە نووسینی دمیتری ترینین و لە وەرگێڕانی ساسان عەونی، بەڕێوە دەچێت کە تێیدا خوێندنەوە بۆ ئەو کتێبانە دەکرێت. توێژەر دانا کەمال، خوێندنەوە و ڕاڤەیەک لەبارەی کتێبی ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات پێشکەش دەکات، کە لەو ڕاڤەیەدا ناوەڕۆک و گرنگی کتێبەکە بۆ ئامادەبووان ڕوون دەکاتەوە، هەروەها ئامانجەکانی مۆسکۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەلایەن توێژەر مامۆستا سیروان حەمەشەریف ڕاڤەی بۆ دەکرێ، هەر یەک لەو دوو توێژەرە بە تێڕوانین و ڕوئیای تایبەتی خۆیان بۆ کتێبەکان، قسە لەسەر ناوەڕۆکی ئەو دوو کتێبە دەکەن.

خانەقین..شانۆگەری (البدیل) نمایش کرا

خەبات سەریەست برزۆ

بەئامادەبوونی دیان لە هونەرمەندان ڕۆشنبیرانی خانەقین مالّی ڕوناکبیری سەلام بەهەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی ڕۆشنبیری خانەقین لە هۆڵ مالّی ڕوناکبیری سەلام شانۆگەری (البدیل) نمایش کرا.

(البدیل) باس لە ئەڵتەرناتیڤێک دەکات بۆ دەربازبوون لە دۆخی هونەرمەندان لە عێراقدا جگە لە هەرێمی کوردستان ، ئەو وێنەیە دەخاتە پێش چاو کاتێک هونەرمەندێک و بەتایبەت شانۆکار و ئەکتەر کە بیانەوێ ڕاستی و دروستی دۆخێک باس بکەن ، کە چۆن توشی هەژەشە و کوشتن و ڕفاندن و ...هتد دەبنەوە .شانۆگەری (البدیل) لە نوسینی سالم زوبەیدی و دەرهێنانی دکتۆر ئیبراهیم نیعمە یە و لە نواندنی هیبە خالّسی و حەمزە ئەکادیمی و ڕائد مەندەلاویە ، و دابەشکردنی مۆسیقا و دەنگی شانۆگەریەکەش لەلایەن مورتەزا زوبیدیەوە کۆنترۆڵ دەکرێ ڕاستەوخۆ لەگاتی نمایشی شانۆگەرییەکە کە لە هەر شوێنێک نمایش بکرێت. دوابەدوای شانۆگەرییەکە واژۆیک کتێبێکی نوێی سەبا



سەباح کچە وەرگێڕ و نوسەرە ناودارەکەی خانەقین کرا ، کە کتێبە بەناوبانگەکەی (بۆ باوکم و منداڵ و نەوە) ی پاوڵۆ کۆیلو وەرگێڕابووە سەر زمانی عەرەبی.

فایرۆسی کۆرۆنا پێش 9 ساڵ لە فیلمێک ئاماژەی پێدراوە



لە ساڵی 2011دا فیلمێک بەرهەمهێنرا کە باس لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسێکی مەترسیدار دەکات و یەکەم تووشبووی ڤایرۆسەکە لە وڵاتی چینەوە.هەواداران فیلمی زۆ کەنتیجن (The Contaigion)، بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕووداوەکانی ناو فیلمەکە بە هاوشێوەی یەکتر لێکدەدەنەوە و پێیانوایە ئەم نەخۆشییە دروست کراوە و دیاردەیەکی سروشتی و ئاسایی نیە.لە فیلمەکەدا وا ئاماژە دەکرێت کە سەرەتای سەرهەڵدانی پەتاکە لە چینەوە و لە شەمشەمە کوێرەیە، دواتر لە بالّندەکەوە بۆ بەرازێک دەگوازرێتەوە و لە بەرازەکەشەوە بۆ چێشتلێنەرێک و بەم شێوەیەش چێشتلێنەرەکە بەریەککەوتنی لەگەڵ "پالّچۆ" دەبێت کە ئەکتەرێکی دیاری نێو فیلمەکەیە و بەمشێوەیەش "پالّچۆ" دەبێتە یەکەم تووشبوو بەم پەتایە. لەم چەند ڕۆژەی دواییدا هەوالّی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسیک لە شاری (ووهان)ی چین بڵاوبوویەوە، بە شێوەیەکی گشتی ڤایرۆسەکە بۆ دەیان وولاّتانی جیهان گەشتی کرد ،جێگای تێروانینە لە فیلمەکەدا ئاماژە بە هەموو ئەم ڕووداوانە کراوە و بە ڤایرۆسێکی نامۆ و کوشندە ناوی هێنراوە، کە بە ملیۆنان قوربانی لێدەکەوێتەوە و هەر لە فیلمەکەشدا ناوی (کۆرۆنا)ی خراوەتە سەر.

